# نەوژین

ژمارە (٢٣) یەکشەمە ٢٠١٨/١٠/٢١

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




توندوتیژی دژی منالان چییە؟

9««

# لە هەفتەیەکدا 3 ژن لەکەلار کوژراون و خۆیان کوشتوە



■ نەوژین

**لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا لە قەزای کەلار، ٣ حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان و کچان تۆمارکراوە، چالاکوانێکیش هۆشداریی دەدات لەمبارەیەوە.**

بەپێی بە دواداچونەکانی رۆژنامەی (نەوژین)، لەماوەی ٢٠١٨/٩/٢٧ بۆ ٢٠١٨/١٠/٢، کە دەکاتە کەمتر لە هەفتەیەک، ٣ حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان و کچان بەتەنیا لە کەلار تۆمارکراوە، کە ٢ حاڵەتیان خۆکوشتنە، یەکێکیان خۆسوتاندنی ژنێک و ئەوی دیکەیان خۆخنکاندنی کچێکە، هەروەک حاڵەتی کوشتنەکەش کە دژ بە کچێک کراوە، لەرێگەی دەستڕێژی گولەوە ئەنجام دراوەو تائێستاش لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە.

روداوی یەکەمیان کە کوشتنی کچێکە، لە رۆژی ٢٠١٨/٩/٢٧ رویداوە، کاتێک کچێکی لەدایکبوی ساڵی ١٩٩٥، لە شەقامی پشتێنەیی کەلار بە دەستڕێژی فیشەک کوژرا.

روداوی دوەمیش خۆسوتاندنی ژنێک بو لەکەلار لە رۆژی ٢٠١٨/٩/٣٠. هەرچی روداوی سێیەمە، لە بەرواری ٢٠١٨/١٠/٢ رویدا، کاتێک کچە خوێندکارێک لە گەڕەکی گۆرانی شاری کەلار، بە پەت خۆی هەڵواسی و گیانی لەدەستدا.

لایخۆشیەوە چالاکوانێکی بواری ژنان هۆشداریی دەدات لە هەڵکشانی ئەم حاڵەتانە.

ڤیان سابر، بە (نەوژین)ی وت: «پێویست دەکات حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان وردتر بەدواداچون بۆ ئەم پرسانە بکەن، بەتایبەت کە چەندین کەیسی تری کوشتنی ژنان هەیە تائێستا نەگەیەنراوەتە ئەنجام».

لە لاپەرە (٢)ی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دا، بەدواداچونێک لەبارەی ئەو حاڵەتانەوە بە وردیی خراوەتەڕو.

# ڕێژەی مردنی ژنان لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان لە تورکیا و ئێران زیاترە




■ نەوژین

**بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئاشکرای دەکات کە لەمساڵدا ٣ ژن لەکاتی منالبون و دوگیانی دا گیانیان لەدەستداوە، بەمەش ڕێژەی گیانلەدەستدانی ژنان لەو دۆخانەدا گەیشتوەتە ٤٥ بۆ هەر ١٠٠ هەزار حاڵەتێکی منالبون.**

د. سیروان محەمەد جەمال، لەمیانەی بابەتێک دا ئاشکرای کردوە کە مردنی دایکی دوگیان (MMR) ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە ساڵانە لە نێو سەد هەزار لە دایکبوی زیندو دا رودەدات، مردنەکەش بە هۆکاری دوگیانی یان ئاڵۆزبونی دوگیانیەکە کە لە کاتی چارەسەریی دا رو بدات.

لەبارەی رێژەی جیهانی ئەم حاڵەتەش، رونیکردوەتەوە: «ئەم رێژەیە لە ساڵێکدا بۆ هەر سەد هەزار لەدایکبوی زیندو، بۆ وڵاتێکی وەک سوید (٤)، ئەمریکا (١٤)، بەریتانیا (٩)، عێراق (٥٠)، ئێران (٢٥)، تورکیا (١٦)، ئەفغانستان (٣٩٦)، سۆماڵ (٧٣٢)ە».

سەبارەت بە رێژەی حاڵەتەکە لە سنوری گەرمیانیش، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی داوە کە لەمساڵدا تەنها سێ حاڵەت تۆمارکراوە، بەمەش رێژەکە لە ناوچەکەدا بە نزیکەیی دەکاتە (٤٥).



# پۆلیسی گەرمیان بۆ کچان: هەڕەشەتان لێکرا سکاڵامان لەلا تۆمار بکەن

■ نەوژین

**وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان هانی کچان و ژنان دەدات کە لەکاتی روبەڕوبونەوەی کێشە لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، سکاڵایان لە لا تۆمار بکەن.**

رائید عەلی جەمال قەدوری، لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردوە کە هێزەکانیان توانیویانە گەنجێک دەستگیر بکەن کە لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی لە کچێک کردوە ئەگەر پارەی پێنەدات، ئەو کچەش دوای ئەوەی هاتوەتە لایان و سکاڵای تۆمارکردوە، توانیویانە بە فەرمانی دادوەر بەدواداچون بکەن و کوڕەکە بدۆزنەوەو رادەستی یاسای بکەن و بە فەرمانی دادوەر رابگیرێت.

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، لەم سۆنگەیەوە داوا لە کچان و ژنان دەکات کە لەکاتی روبەڕوبونەوەی حاڵەتی هاوشێوە و گێچەڵپێکردن لە رێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، سکاڵایان لە لا تۆمار بکەن بۆ ئەوەی بەدواداچون بۆ کەیسەکانیان بکەن و بگەن بە کەسانی سکاڵا لەسەرکراو.

رائید عەلی جەمال، دڵنیایی دا کە بەڕێوبەرایەتیەکەیان توانای پێویستی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمجۆرە کەیسانە و ئاشکراکردنی تۆمەتباران و رادەستکردنیان بە دادگا.



ژنانی گوند دەبنە دوکاندار

5««



بۆچی ژنان دوای هاوسەرگیری بەکەمی دەخوێننەوە؟

7««



ژنان بە رێگەی کوردەواریی «چارەسەری» لەوزەتێن دەکەن

10««

# ڕێژەی گیانلەدەستدانی ژنانی دوگیان لەگەرمیان: 45 حاڵەتە لە 100 هەزار حاڵەت




■ نەوژین

**بەگیان لەدەستدانی ژنێکی دوگیان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون لە ١٧ی ئەم مانگە، ژمارەی گیانلەدەستدانی ژنانی دوگیان لە گەرمیان بو بە ٣ حاڵەت لەمساڵ دا، ئەمەش ناوچەی گەرمیان نزیک دەکاتەوە لەو ڕێژەیەی لە عێراق دا تۆماردەکرێت.**

بەپێی زانیاریەکانی رۆژنامەی (نەوژین)، رۆژی چوارشەمە (٢٠١٨/١٠/١٧)، ژنێکی تەمەن ٢١ ساڵ کە دوگیان بوە، لەسەرلەبەیانی دا بەهۆی هەندێک کێشەی تەندروستیەوە داخل بە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون کراوە لە شاری کەلار و لەژێر چارەسەر دا بوە، بەڵام لە دوانیوەڕۆی هەمان رۆژ دا گیانی لەدەستداوە.

ئەگەرچی تائێستا نەخۆشخانەکە و تەندروستی گەرمیان هیچ راگەیەنراو و لێدوانێکی رۆژنامەوانییان بڵاونەکردوەتەوە، بەڵام ئەمە یەکەم حاڵەتی لەوشێوەیە نییە کە لەو نەخۆشخانەیەدا لەمساڵدا رودەدات، بەڵکو ٢ حاڵەتی دیکەش لەماوەی ئەمساڵ دا هەر لەو نەخۆشخانەیە تۆمار کراون.

حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانی ژنانی دوگیان یان لەکاتی منالبون دا، حاڵەتێکی جیهانییە، بەپێی رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان، لە هەر رۆژێک دا ٨٣٠ ژن لەسەرانسەری جیهان لەکاتی منالبون یان بەهۆکاری دوگیانی، گیان لەدەست دەدەن.

بەپێی ئەو زانیارییە کە رێکخراوەکە لە وێبسایتی فەرمی خۆی بڵاویکردوەوتەوە، ٩٩٪ی ئەو حاڵەتانە لە وڵاتانی هەژار و دواکەوتودا رودەدەن و بەزۆریش لەناوچە دورەدەست و پەراوێزەکاندان.



بەپێی زانیاریەکانی رۆژنامەی (نەوژین)، ئەو ژنەی کە لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب ١٧ی ئەم مانگە گیانی لەدەستداوە، تەمەنی ٢١ ساڵە و دو منالی دیکەی هەیە و دانیشتوی گوندی (سەیدە)ی سەر بەناحیەی سەرقەڵای قەزای کفرین، لەکاتێکدا دوگیان بونەکەی ٦ مانگان بوە، گیانی لەدەستداوە و بۆ توێکاریی نێردراوە بۆ بەشی پزیشکیی دادی کەلار و پاشان بۆ توێکاری زیاتر نێردراوە بۆ بەشی پزیشکی دادی سلێمانی.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەبارەی ئەم حاڵەتانەوە، ئاماژە بەوەدەکات کە زۆرینەی ئەو ژنانەی بەهۆی منالبون و دوگیانییەوە گیانلەدەست دەدەن، ئەوانەن کە هەرزەکارن، هەروەک دەشڵێت: ژنانی تەمەن منال زیاتر لە ژنانی پێگەیشتو، روبەڕوی مەترسی گیانلەدەستدان لەکاتی منالبون و دوگیانی دا دەبنەوە.

لایخۆشیەوە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژە بەوە دەکات کە رێژەی گیانلەدەستدانی ژنانی دوگیان لەناوچەکەدا، ٤٥ حاڵەتە لەکۆی ١٠٠ هەزار حاڵەت.

د. سیروان محەمەد جەمال، لە بابەتێک دا ئاماژەی بەوەکردوە: مردنی دایکی دوگیان (MMR) ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە ساڵانە لە نێو سەد هەزار لە دایکبوی زیندو دا رودەدات، مردنەکەش بە هۆکاری دوگیانی یان ئاڵۆزبونی دوگیانیەکە کە لە کاتی چارەسەریی دا رو بدات، ئەمەش هەمو حاڵەتەکانی کاتی دوگیانی و منالبون و تاوەکو ٤٢ رۆژیش دوای منالبون دەگرێتەوە.

لەبارەی رێژەی جیهانی ئەم حاڵەتەش، رونیکردوەتەوە: ئەم رێژەیە لە ساڵێکدا بۆ هەر سەد هەزار لەدایکبوی زیندو، بۆ وڵاتێکی وەک سوید (٤)، ئەمریکا (١٤)، بەریتانیا (٩)، عێراق (٥٠)، ئێران (٢٥)، تورکیا (١٦)، ئەفغانستان (٣٩٦)، سۆماڵ (٧٣٢)ە».

سەبارەت بە رێژەی حاڵەتەکە لە سنوری گەرمیانیش، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی داوە کە لەمساڵدا تەنها سێ حاڵەت تۆمارکراوە، بەمەش رێژەکە لە ناوچەکەدا بە نزیکەیی دەکاتە (٤٥).

ئەگەر زانست لەبارەی ئەم حاڵەتەوە لێکدانەوەی جیاواز بکات، ئەوا بەنیسبەت ناوچەی گەرمیانەوە ئەوەی بەدیی دەکرێت لەم حاڵەتانە دا، نەبونی بەدواداچونی پێویستە، بەشێوەیەک وەکو چالاکوانان ئاماژەی بۆ دەکەن، گیانلەدەستدانەکان لەکاتێکدا تۆمار دەکرێن کە هیچ لێپێچینەوەیەکی ئەوتۆی یاسایی لەگەڵ پزیشک و ئەوانەی دەبنە هۆکاری ئەم حاڵەتانە، ناکرێت.

---

# ئەو مەرگانەی لەبەر تەقەی خۆشیی ئاگامان لێیان نەبو



■ نەوژین

**لەکاتێکدا شەقام لەشەڕی نێوان لایەنگران و کادیر و ئەندامانی حزبەکاندا لەبارەی هەڵبژاردنەوە دەکوڵا، سێ روداوی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان بە بێدەنگیی بەلاماندا تێپەڕین، یەکێک لەو روداوانە تەنانەت هەر لە کەناڵەکانی راگەیاندنیشەوە باس نەکرا و بو بەژێر هاتوهاواری شەوی «تەقەی خۆشییەکانەوە».**

دواهەفتەی مانگی ئەیلول و سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، هەفتەیەکی پڕ لە خوێن و مەرگ بو لەگەرمیان، کاتێک لە ٣ روداوی جیاوازدا، ٣ ژن و کچ دەستبەرداری ژیانی خۆیان بون یان ژیانیان لێسەندرایەوە. ئەو قوربانیانە یەکێکیان کچێکی تازە پێگەیشتو و ئەوەی دوەمیشیان خۆبەخشێکی چاوەڕێ لە دەرگای دامەزراندن و سێیەمیشیان ژنێکی دوگیان بون.

بەپێی ئەو راگەیەنراوانەی پۆلیسی گەرمیان بڵاویکردونەتەوە و ئەوانەی رۆژنامەی (نەوژین) بەدواداچونی بۆ کردون، ٢ حاڵەتی خۆکوشتنەکە یەکێکیان لەرێگەی خۆسوتاندن و ئەوەکەی تریان لەرێگەی خۆخنکاندنەوە بوە، هەرچی حاڵەتی کوشتنەکەشە لەرێگەی دەستڕێژی فیشەکەوە بوە، هەمو ئەو روداوانەش لەماوەی ٢٠١٨/٩/٢٧ بۆ ٢٠١٨/١٠/٢ تۆمارکراون.

روداوی یەکەمیان کە کوشتنی کچێکە، لە رۆژی ٢٠١٨/٩/٢٧ رویداوە، کاتێک کچێکی لەدایکبوی ساڵی ١٩٩٥، لە شەقامی پشتێنەیی کەلار بە دەستڕێژی فیشەک کوژرا. بەوتەی پۆلیس هەر ئەو رۆژە ٢ کەس لەسەر ئەو تاوانە دەستگیر کراون، تائێستاش لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن لەوبارەیەوە.

ئەو کچە، دەرچوی پەیمانگا بوە و وەکو خۆبەخش لە نەخۆشخانەی کەلار کاریکردوە، لە نیوەڕۆیەکی ئەیلول دا بە بریندارریی گەیەنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، پاش مانەوەی بەماوەیەکی کەم، بەهۆی کاریگەریی بەرکەوتنی فیشەکەکانی جەستەیەوە، گیانی سپارد.



روداوی دوەمیش کە بە بێدەنگیی تێپەڕیی و تەنانەت پۆلیسیش باسی نەکرد، روداوی خۆسوتاندنی ژنێک بو لەکەلار لە رۆژی ٢٠١٨/٩/٣٠. ئەو ئێوارەیەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر پێ چاوەڕێی دەرەنجامی هەڵبژاردنیان دەکرد و هەوادارەکانیان بە هەرچی جۆری چەکە فیشەکیان بە ئاسماندا دەکرد بەناوی «تەقەی خۆشییەوە»، ئەو ژنە بڕیاری خۆی بۆ جێهێشتنی ژیان بردە سەر.

بەپێی زانیاریەکانی (نەوژین)، ئەو ژنە دوگیان بوە و لەماڵەکەی خۆیاندا لەکەلار خۆی سوتاندوە و پاش رەوانەکردنی بۆ سلێمانی، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە.

هەرچی حاڵەتی سێیەمە، لە بەرواری ٢٠١٨/١٠/٢ رویدا، کاتێک کچە خوێندکارێک لە گەڕەکی گۆرانی شاری کەلار، لە ماڵەوەی خۆیان دا بە پەت خۆی هەڵواسیوە و گیانی سپاردوە.

ئەو کچە لەدایکبوی ساڵی ٢٠٠٠ بوە و پیشەی خوێندکار بوە، بەوتەی پۆلیس: کەسوکارەکەی وتویانە بەهۆی ئەوەی دەرنەچوە لە تاقیکردنەوەکان، پەنای بۆ خۆکوشتن بردوە.

ئەم رێژە زۆرە لە مەرگی ژنان لە ماوەیەکی دیارییکراو دا، نە حکومەتی بە شۆک هێنا، نە کۆمەڵگا و نە رێکخراوەکانی ژنانیش، چالاکوانێکیش باس لەوەدەکات ئەوەی لێی دەترسن ئەوەیە رەوشەکە خراپتر بێت.

بە رای چالاکوانی بواری ژنان، (ڤیان سابر)، زۆربونی ئەم حاڵەتانە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکانیش دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە، چ بۆ ئاشکراکردنی وردتری ئەو تاوان و روداوانە، چ بۆ رێگرییکردن لە رودانی حاڵەتی هاوشێوە.

وتی: «پێویست دەکات حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان وردتر بەدواداچون بۆ ئەم پرسانە بکەن، بەتایبەت کە چەندین کەیسی تری کوشتنی ژنان هەیە، بەداخەوە تائێستا نەگەیەنراونەتە ئەنجام».

# ئەو کچانەی پرچیان لە بەخێوکردنی دایک و باوکیاندا سپی دەکەن



> لەوە دەترسام کەسێک ببێتە هاوسەرم نەهێڵێت خزمەتی دایکم بکەم

> دایک و باوک خۆشی بۆ منداڵی کوڕ دەکەن، کەچی منداڵی کچ خەمیان دەخوات

■ **نەوژین، ئاسیا حسێن**

**پەیمان، ئەگەرچی تەمەنی رو لە گەورەبونە و تادێت چانسی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی کەمدەبێتەوە، بەڵام لەبەر دایکی، چاوی لەو واقیعە نوقاندوە. ئەو کە تەمەنی ٤٠ ساڵە، بەهۆی بەخێوکردنی دایکیەوە تائێستا نەیتوانیوە هاوسەرگیری بکات.**

لە گەرمیاندا ژمارەیەکی بەرچاوی کچان بەهۆی خزمەتکردن و بەخێوکردنی دایک و باوکیانەوە، هاوسەرگیری خۆیان پشتگوێ دەخەن و لە ئەنجامدا لە بەخێوکردنی دایک و باوکیاندا پیر دەبن و نابنە خاوەن خێزانی تایبەت بە خۆیان.

ئەو کچانە باس لەوەدەکەن کە بۆیان ئاسان نییە بچن بەلای ژیانی خۆیانەوە و دایک و باوکیان بە تەنیا جێبهێڵن، بۆیە ناتوانن هاوسەرگیریی بکەن.

پەیمان، کەناوی خوازراوی مامۆستایەکی شاری کەلارە، بارودۆخەکەی بۆ (نەوژین) بەمشێوەیە باسکرد «من داواکاری زۆرم هەبو، خاوەن موچە و پیشەی خۆم بوم، بەڵام دایکم جگە لە من هیچ کەسێکی تری نەبو کە ئاگای لێبێت».

وتیشی: «هەمیشە لەوە دەترسام کەسێک ببێتە هاوسەرم کە نەهێڵێت بەدڵی خۆم خزمەت بە دایکم بکەم، بۆیە بریارمدا بیر لە هاوسەرگیری نەکەمەوە».

هاوشێوەی (پەیمان)، (گوڵزار)یش هەمان رێچکەی بۆ ژیانی گرتوەتەبەر و بەوهۆیەی لەلای دایک و باوکێتی، دەستبەرداری هاوسەرگیریی بوە.

ئەو کە تەمەنی ٤٤ ساڵە، وتی: «من ئەرکی بەخێوکردنی دایک و باوکمم لە ئەستۆ گرتوە، ئەگەرچی خاوەنی دو کوڕی ترن، بەڵام ئەوان هاوسەرگیریان کردوە و من تاکە پشت و پەنایانم».

ئەم بڕیارەی کە ئەو کچانە داویانە، هەروا ئاسان نەبوە، بەتایبەتی کە لێکدانەوەی دیکەی بۆ کراوە.

گوڵزار، وتی: «هەندێک خەڵک پێیانوایە من عەیبێکم هەیە بۆیە لە هاوسەرگیری دەترسم، ئەمە سەرەتا زۆر ئازاری دەدام، بەڵام کە لە بڕیارە پیرۆزەکەم دەڕوانم، پێی دڵگران نابم».

بەڵام ئەوەی ئەو کچانە بەلایانەوە گرنگە، دڵی دایک و باوکیانە نەک خەڵکی، چونکە دایک و باوکی ئەو کچانە ئاماژە بەوە دەکەن کە «کچەکانیان بە سەد کوڕ ناگۆڕنەوە».

(حەلیمە) کە دایکی (گوڵزار)ە، پێی وتین: «من خاوەن دو کوڕی ترم، بەڵام هیچ یەکێکیان هێندەی سەعاتێکی گوڵزار لە خەمی من و هاوسەرەکەمدا نین، گوڵزار هەمو کەسێکمانە».

توێژەرێکی دەرونیش قسەکانی (حەلیمە) پشتڕاست دەکاتەوە. خەڵات ساڵەح، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ئەگەرچی دایک و باوک لەکاتی منداڵبوندا خۆشیەکی زیاتر بۆ هاتنەدونیای منداڵێکی کوڕ دەکەن، کەچی لەکاتی گەورە بوندا بۆیان ئاشکرا دەبێت کە کچەکە زۆر خەمخۆرترە و زیاتر بەدەم دایک و باوکیەوەیە، تارادەیەک کە تەنانەت ژیانی تایبەتی خۆی و داهاتوی دەکاتە قوربانی دایک و باوکی».

ئەو کچانە بەردەوام خەمی ئەوە دایگرتون کە ئەگەر هاتو هاوسەرگیریان کرد، هاوسەرگیریەکەیان رێگر بێت لەبەردەم چاودێری کردنی دایک و باوکیاندا.

(سارا)ی ٣٥ ساڵە، لەگەڵ ئەوەی هێشتا لە تەمەنی گەنجی خۆیدایە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت کە لە دایک و باوکە پیر و تەنیاکەی دەڕوانێت، ناتوانێت هەرگیز بڕیاری هاوسەرگیری بدات.

سارا، وتی: «دایک و باوکمم زۆر خۆشدەوێت و ئەوان ناتوانن بەبێ من بژین، ئەگەر من شو بکەم کێ ئەوان بەخێو دەکات؟ کێ گرەنتی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەم بهێڵێت من چاودێری ئەوان بکەم؟ تا وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەستنەکەوێت، هەرگیز شو ناکەم».

بەڵام (خەڵات ساڵەح) ئەم بڕیارە بە راست دانانێت و پێیوایە نابێت کچان وابزانن کە هاوسەرگیری دەرگا بە روی ئەوان دا دادەخات و ناهێڵێت دایک و باوکیان بەخێو بکەن «بەڵکو ئەگەر بیانەوێت دەتوانن هەردو لایەنەکە بەباشی ئیدارە بدەن».

# ئەزمونی کچێکی دەستڕەنگین

■ **نەوژین، ئەسما کەریم**

**هەر لەمناڵیەوە خولیای کاری دەستڕەنگینی لەناخیدا چەکەرەی کردوە، هەربۆیە هەوڵی بۆ داوە و توانیویەتی خۆی فێری ئەم پیشەیە بکات، ئەم کچە دەستڕەنگینە نەک بەتەنها توانیویەتی ئارەزوەکەی خۆی بەدی بێنێت، بەڵکو هۆکارێکیش بوە بۆ ئەوەی چەندین ئافرەت فێری ئەم پیشەیە بکات. ئەوەی باسی دەکەین کچێکی دەستڕەنگینە بەناوی (سۆلین).**

> کاری دەستڕەنگینی خەونی منداڵیی منە

دەستڕەنگینی یاخود ئەوەی پێی دەوترێت کاری دەستی، ماوەیەکە لە گەرمیان لەلای کچان دا برەوی پەیدا کردوە، بەتایبەتی کە زۆرێک لە کچان و ژنان رویان لە پەرەدان بەو کارانە کردوە کە بەدەست ئامادە دەکرێن و هەندێکیشیان ئەم کارانەیان کردوە بە پیشەی سەرەکی و سەرچاوەی بژێویی، هەروەک زۆر گروپی کچانیش دروست بون کە تایبەتن بەم کارانەوە.

کچان ئەگەر لە رابردودا بەهرەیەکیان لەم بوارەدا هەبوبێت، ئەوا ئێستا دەتوانن ئەو بەهرەیەیان پەرە پێبدەن و کاری لەسەر بکەن، لە نمونەی (سۆلین).

سۆلین فاروق مامەخان، ٢٢ ساڵ، کە لەدایکبوی شاری کەلارە، بەکاری دەستیی و دروستکردنی بابەتی جوانکاریی دەستییەوە سەرقاڵە.

لە دیدارێکی (نەوژین) دا، باسی لە چۆنیەتی فێربونی ئەم پیشەیە کرد و گەڕایەوە سەرەتاکانی ئەم پیشەیە «کاری دەستڕەنگینی خەونی منداڵی منە، بۆیە دو ساڵە وەک پیشە کاری لەسەر دەکەم».

گەرچی لەسەرەتای دەستبەکاربونی لەم پیشەیەدا بەتەنها و لەماڵەوە دەستی پێ کردوە، بەڵام ئێستا لە گروپێک دا بەناوی (گروپی کچانی یارانی مێخەک) لەگەڵ چەند کچێکی دەستڕەنگینی تردا کار دەکات.

بەشێک لەو کچانەی کەکونجی ماڵەوەیان گرتوە، خێزان بەهۆکاری سەرەکی کارنەکردنیان دەزانن لەدەرەوەی ماڵ دا، بەڵام لای (سۆلین) بارودۆخەکە تەواو پێچەوانەیە و پێی وایە دایک و باوکی باشترین هۆکاری سەرکەوتنی ئەون لەکارەکەیدا.

لەمبارەیەوە وتی: «زۆرجار ئەو پێداویستیانەی کەپێویستم دەبێت بۆ دروستکردنی کارە دەستڕەنگینیەکانم باوکم بۆم دەکڕێت، هەروەک دایکیشم لەزۆربەی کار و چالاکیەکانمدا بەشداری دەکات و هانێکی زیاترم دەدات تاوەکو بەردەوام بم».



ئەم کچە نەک بەتەنها لەهەوڵی گەیشتن بەخەون و ئارەزوی منداڵی خۆی دایە، بەڵکو ویستویەتی لەرێگەی ئەو توانایەی کەهەیەتی لەکاری دەستڕەنگینیدا، چەندین ئافرەت فێری پیشەکە بکات.

بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەیەک پێش ئێستا خولێکی چەند رۆژەیم بۆ ئەو خانمانەی کەئارەزوی کاری دەستڕەنگینی دەکەن کردە و لەو رێگەیەشەوە توانیم چەندین ئافرەت فێری ئەم پیشەیە بکەم».

ئەمە سەرباری ئەوەی تاوەکو ئێستا بەشێوازی گروپ توانیویەتی بەشدارببێت لەچەندین پێشانگا و کاری دەستڕەنگیندا، نەک بە تەنیا لەکەلار، بەڵکو لەشارە کانی سلێمانی و خانەقینیش بەشداری چالاکی کاری دەستڕەنگینی کاردوە و کارەکانی خۆی نمایش کردوە.

### چالاکوانی بواری جێندەر (تانیا جەمال):

# هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان کاریگەری نەرێنیان هەبوە

▪ نەوژین، شەیما مەحمود

**تانیا جەمال غەریب، چالاکوانی بواری جێندەر و سەرۆکی پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، لە دیدارێکی (نەوژین) دا ڕەخنە لە ئەدای هەندێک لەو ژنانە دەگرێت کە لەو ناوەندانەن کە بەرپرسیاریەتیان هەیە و ئەمەش بە هۆی ئەوەی واستە و خزم خزمێنە هۆکار بوە تا ئەو ژنانەی لە ئاست بەرپرسیاریەتیەکە نین جێگای ئەو ژنانە بگرن کە بەهرەمەند و بە توانا و لێهاتون.**

* لە ناو کورد باوە کلتوری پیاو سالاری ڕێگرە لە دەرکەوتنی ژن، بەڵام لە ڕۆژئاڤای کوردستان ژنان یەکینەی سەربازی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە باشور ژن لە سەنتەری بریاردانە، ئەمە ئاماژە نیە بۆ ئەوەی ژنی کورد پیاوسالاریی کاڵ کردبێتەوە؟

بێگومان تا زەمەنێکی زۆر زیاتریش کلتوری پیاوسالاری هەر هەیمەنەتی خۆی دەمێنێتەوە و وا ئاسان بنبڕ ناکرێت، هەرچەندە هەوڵی زۆر هەیە بۆ لەقکردنی ئەو پێگەیەی کە دەسەڵاتی نێرینەی زاڵ کردوە.

وەک ئامارەت پێدا لە باشور ژن لە ڕێگای حزبەوە توانیویەتی هەندێک پۆستی باڵا ببڕێت، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی لە زۆر شوێندا ئەو ژنانەی دانراون بە هەمان شێوەی زۆرێک لە پیاوان لە شوێنگەلێک دانراون کە لە توانا و پسپۆڕیی و شارەزایی ئەواندا نیە بۆیە سەرکەوتو نەبون، ئەمەش نمونەیەکی باشی بە ژن نەبەخشیوە، چەندانجار گوێت لێ دەبێت هەر ئەو پیاوانە دەڵێن فەرمو هەردەڵێن ژن ئەمەش ژن، لەبەرئەوە باشترە ژن کاتێک بەرپرسیاریەتی پێدەدەن لاسایی پیاوان نەکاتەوە، تەنها بۆ ئیمتیاز وەریبگرێت، بەڵکو کە لە توانایدا نیە با قبوڵی نەکات، چونکە لەو قۆناغەدا ژنان پێویستیان بە شوێنپێ قایم کردن هەیە.

سەبارەت بە ژنانی شەڕڤان لە ڕۆژئاوا ئەوان وەک ژن و شۆڕشگێر خۆیان سەلماندوە، بەڵام ژنانی ناو کۆمەڵگای ڕۆژئاوا و باکوریش تا ئێستا لەسەر شەرەف دەکوژرێن وەک لای خۆمان، کەواتە یا دەبێت شەرڤان بێت یان وەک ژنێکی ئاسایی هەمان چارەنوسی ژنانی پارچەکانی دیکەی هەیە.

* سەرباری بونی چەندین ڕێکخراو بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی، بەڵام ساڵانە ڕێژەی تۆمارکردنی ئەم حاڵەتە زیاد دەکات، هۆکار چییە ئەو ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە توندوتیژی دژ بە ژنان کەمکەنەوە؟

ڕێکخراوەکانی ئەو بوارە زۆرێکیان نەک نەیانتوانیوە پەیامی خۆیان بگەیەنن، بە پێچەوانەوە کاریگەری نەرێنیشیان هەبوە و هەشیانە بە جدی هەوڵی داوە زۆریش ئاستەنگی هاتۆتە پێش، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەتی شکڵیە و کاری جدی لەزۆربەی بوارەکاندا نیە، بۆیە زۆربەی چالاکیەکان لە وۆرک شۆپ و کۆبونەوە و کۆنفرانس دا کورتکراوەتەوە، لەولاشەوە کوشتن و توندوتیژی زۆرتر بوە جا هەر بیانویەک بۆ ئەمە هەبێت، ئەوا ڕێکخراوەکان بە ویستی خۆیان بێت یان نا نەیانتوانیوە ئەو بار و بەرپرسیاریەتیە بەو شێوەیەی هەیە هەڵبگرن، لەبەر ئەوەی هەر گۆڕانکاریەک نەگەیشتە ناو کوڵان و گەڕەکە میلیەکان، ئەوە بە گۆڕانکاری دانانرێت.



* کێ ڕێگرە لەوەی ژن لە کۆمەڵگا ڕۆڵ ببینێت؟ کلتور، دەسەڵات، لایەنە سیاسیەکان، ئاین یان خێزان؟

هەمو ئەوانەی باست کردن ڕێگرن لەبەردەم ئەوەی ژن جێگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگادا دیاری بکات، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز.

کلتور و ئاین و خێزان هەموی لەیەک بازنەدا دەخولێتەوە و هەر دەسەڵات و حکومەتێک بێت دەتوانێت چۆنی بوێت بەوجۆرە بەکاریان بهێنێت، لەبەر ئەوەی لە کۆتایدا ئەوە حزب و دەسەڵات و حکومەتە کۆمەڵگا ئاراستە دەکات، ئەوە حکومەتە پلانی هەیە بۆ ئەوەی پاش دە ساڵ یا پانزە ساڵی تر کۆمەڵگا بەرەو کوێ بروات، ئەوە حکومەتە لە ڕێگای سێکتەری پەروەردەوە دەیەوێت ئەو منداڵەی ئەمرۆ لە باخچەی ساوایانە سبەی کە دەبێتە گەنجێکی تەواو چی پێشکەش بە گەل و وڵاتی خۆی دەکات، جا ئەو گەنجە کوڕ بێت یا کچ، لەبەر ئەوە سیاسەتی حزب و حکومەتە ڕۆڵەکان وردە وردە دیاری بکات.

# کۆتا، پێگەی ژنی کوردی بەهێز کردوە یان لاواز؟



▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**هەندێک بە زامنکەری مافەکانی ژنانی دەزانن، هەندێکی تریش بە کەمکردنەوە لەپێگەی ژن، دەستەیەک پێیانوایە ڕۆڵی زیاتر بۆ ژنان دەڕەخسێنێت لە دەزگاکانی یاسادانان، دەستەیەکی دیکەش پێیانوایە چانس دەداتە کەسانێک کە شایستە و لێهاتو نین.**

**ئەوەی جەوهەریی ئەم ناکۆکیی و جیاوازیە فیکریەیە، سیستەمی (کۆتا) یە.**

لەعێراق و هەرێمی کوردستان، لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی وەکو پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکان، ڕێژەیەک لە کورسیەکان تایبەتکراوە بە ژنان، کە لە پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، ڕێژەکە ٣٠٪ی کۆی کورسیەکانە، واتا لە ١٠٠ کورسی ٣٠ کورسی بەژنان دەدرێت، ئەگەرچی ژمارەی دەنگەکانیشیان هاوتای پیاوان نەبێت. هەر ئەم خاڵەشە کە مشتومڕ و ناکۆکیەکی زۆری دروستکردوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوی ئیسلامی پێیوایە ئافرەتانی کوردستان توانیویانە سود لە سیستەمی کۆتا وەربگرن و لەمڕووەوە خزمەتی پێکردون.

خەرامان محەمەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، بۆ (نەوژین) وتی: «ژنان بەشێوەیەکی گشتی سودێکی باشیان لەم سیستەمە وەرگرتوە».

بەڵام بە پێچەوانەی خەرامانەوە، نوسەرێک پێیوایە سیستەمی کۆتا زیانی زیاترە.

شیلان محەمەد، نوسەر و شارەزا لەبواری سیاسەت، بۆ (نەوژین) وتی: «کۆتا ئەگەرچی سودی بەژنان گەیاندوە، بەڵام زیانیشی هەبوە، چونکە بە زۆری ژنی لاوازی گەیاندوەتە ناوەندی بریاری سیاسی».

پێشیوایە «ناردنی بەشێک لە ژنان کە توانا و لێهاتویان نەبوە بۆ پارلەمان یان ئەنجومەنی پارێزگاکان لەرێگەی سیستەمی کۆتاوە، ستەمێکی گەورە بوە لە پیاوان، چونکە هەندێک پیاو بە لێهاتوی خۆیان براوەی هەڵبژاردنن، کەچی بەهۆی سیستەمی کۆتاوە ژنێکی لاواز شوێنیان دەگرێتەوە».

لەم خاڵەدا، کادرێکی ئافرەتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، هاوڕایە لەگەڵ (شیلان).

پەخشان محەمەد، بۆ نەوژین وتی: «لە خولەکانی رابردودا ئافرەتان بەپێی توانای خۆیان کاریان کردوە، بەڵام هەندێک لەو ژنانەی کە چونەتە پارلەمان، کارێکی هێندە باشیان نەکردوە تا نمونەیەکی باش پێشکەش بە ئافرەتان بکەن و ببنە جێگەی دڵخۆشی و ئومێدی ئافرەتانی دەنگدەر».

ژنان سودێکی باشیان لەم سیستەمە وەرگرتوە

بەڵام بەرپرسەکەی یەکگرتو بۆچونی پێچەوانەی هەیەو دەڵێت: «ئەو ژنانەش کە بەم سیستەمە سەرکەوتون توانیویانە کاری باش بکەن».

بە پێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکان، لە جیهاندا زیاتر لە ٨٠ وڵات، هەر یەکەیان بە پێی بارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کارگێڕییەکەی خۆیان و بۆ نەتەوە و چین و توێژە جیاوازەکان، سیستەمی کۆتا پەیڕەو دەکەن، ئەمەش بە ئامانجی بەرگری لە مافی ئەو نەتەوە و پێکهاتە و گروپانەی کە لەو وڵاتانەدان.

ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە کۆتای ژنان لە هەرێمی کوردستانەوە، هەندێک لە ژنان پێیانوایە دەبێت لە هەڵبژاردن دا ڕێژە دیاری نەکرێت، بەڵام لە بەرامبەر دا ڕێگە بە هەر ژنێکی خاوەن توانا و لێهاتو بدرێت بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات بۆ ئەوەی پشت بە توانای خۆی ببەستێت بۆ رکابەریکردن.

نیاز عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی مەدەنی، دەڵێت: «لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا زۆر ژنی لاواز شوێنی پیاوانی بە توانایان گرتوەتەوە کە بە شایستەیی خۆیان براوەی هەڵبژاردن بون».

دەشڵێت: «بە هۆی کەمی متمانەی دەنگدەر بە کاندیدانی ئافرەت بەشێکی زۆری ئافرەتان بە سیستەمی کۆتا دەچنە پارلەمان یان ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام ئەگەر ژنانی بەتوانا هەلی بەشداریکردنیان پێ بدرێت دەنگدەریش متمانە بەو ژنانە دەدات».

«مێردەکەم دەڵێت: پارە هی پیاوە نەک ژن»

# هەندێک لە پیاوان ناهێڵن ژنان مامەڵە بەموچەکەی خۆیانەوە بکەن



> له جه‌رگه‌ی کۆمه‌ڵگایه‌کم نێر نه‌بیت ئیتر مافت نیه

> که موچه‌که‌م وه‌رده‌گرم راسته‌وخۆ مێرده‌که‌م لێم وه‌رده‌گرێت

**▪ نەوژین، رێناس ساڵح**

**وەک ئەوەی کرێگرتەی بێت، کە دەگاتە کاتی وەرگرتنی موچەکەی، هاوسەرەکەی هەمو پارەکەی (دالیا) وەردەگرێت و دەبات، بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەو ماندوبونە بکات کە ئەو ژنە لە کارکردن دا بەخەرجیی دەدات.**

کۆژانـــی ئەو ژنە، هاوشـــێوەی کۆژانی زۆرێکـــی تـــر لـــە ژنانی ئیشـــکەرە، ئەوانەی چ لەکەرتی تایبەت یان گشتی کاردەکـــەن، بەڵام بـــەری رەنجی ئەو کارەیان کە موچەو پارەکەیە، بۆخۆیان بە رەوا نابینرێت مامەڵەی پێوە بکەن. بەشێک لەو ژنانە باســـلەوەدەکەن کە ئەو برە پارەیەی لە موچە وەری دەگرن هیچـــی بـــۆ خۆیـــان بەکارناهێنن واتە کارکردنەکەیان نەیکـــردون بە خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیان.

دالیا، (٣٥) ساڵ، فەرمانبەرە، دەڵێت: «کە موچەکەم وەردەگرم راســـتەوخۆ مێردەکەم لێم وەردەگرێت وەک ئەوەی من رۆبۆتێک بم، دواتر بە زۆر و دەمەقاڵێ پارەم پێدەدات بۆ پێداویستیەکانی ماڵ وخۆم و منالّم».

بەهەمـــان شـــێوە (پەروین)یـــش کە مامۆستایە، ئاماژە بەوەدەکات کە دوای (١٦) ســـاڵ خوێندن بە شەونخونی و برسێتی ســـەرما و گەرما کەچی ئێستا هاوســـەرەکەی موچەکەی دەبات پێی دەڵێت «پارە هی پیاوە نەک ژن».

وتی: منیـــش لەبەر ئـــەوەی خێزان و کۆمەڵگاکەم ئەمەیان پێئاساییە ناتوانم هیـــچ بڵێم، چونکـــە دایکـــم نایەوێت جیاببمەوە، دەڵێت: زۆرینەی پیاو وایە لەســـەر ئەمە ماڵی خۆت وێران مەکە، نازانێت من ژیانـــم وێرانبوە ئەو خەمی ماڵەکەیەتی وێران نەبێت.

پەروین، پێش هاوسەرگیریش سودی لەو موچەیە وەرنەگرتـــوە کە هەیبوە، ئەو باســـلەوەدەکات ئەو موچەیە نە بەدڵی خۆی توانیویەتـــی خەرجی بکات و نە خۆشیەکی لێبینیوە «دایکم خۆیکردبو بەســـاحێبی، وەک ئەوەی کە رێگەیان داوە من ئیشبکەم ئیتر تەواو ئەبێت من بەتەواوی لە خزمەتیان بم»

هەندێک لە پیاوان موچەی هاوژینەکەیان بەشێوەی راستەوخۆ وەرناگرن، بەڵکو ناڕاستەوخۆ ناچاری دەکەن کە هەموی لـــە خزمەتی ئـــەو و منالّەکانی خەرج بکات.

کوێســـتان، (٤٠) ســـاڵ، کە پیشەی مامۆستایە، نمونەی یەکێک لەو ژنانە، دەڵێت: پێـــش ئەوەی هاوســـەرگیری بکات زەوی کڕیوە و خاوەنی ئۆتۆمبیلی خۆی بوە، بەڵام کە هاوسەرگیری کردوە تەواوی ئەوانەی فرۆشتوە بۆ پێویستی ماڵ و منالّەکانی پێداویستی رۆژانەیان، پیاوەکەشـــی چونکە پارەی بەم شـــک بردوە ئامـــادە نەبوە هیچ برە پارەیەک سەرف بکات.

دەڵێـــت «دوای شـــەش ســـاڵ عەزاب کێشـــان لەگـــەڵ وەهـــا مرۆڤێک ئیدی بڕیاری جیابونەوەم دا، چونکە هەســـتم کرد خۆم ونکردوە نەمویســـت چی دی ژیانم و ئابوریم لە گەڵ پیاوێکی ئەوەها بەفیڕۆبدەم، چونکە دەرفەتی ژیان یەک جارە حەیفە ئاوا بەخەساری بدەین».

هەندێک لەو کچانەشی بون بە قوربانی ئـــەم جـــۆرە بیرکردنەوەیـــە پێیانوایە بیرکردنـــەوەی کۆمەڵگا و نادروســـتی پەروەردە لێرە زۆری ماوە تاوکو کچێک مافی تەواوی ژیانی هەبێت.

ســـارا، کچێکـــی تەمەن (٢٧) ســـاڵە لە کەرتـــی تایبـــەت کاردەکات، وتی: «سەرەتا وام بەخەیاڵ دەهات کە بومە خاوەنی موچەی خۆم ئیتر دەتوانم چیم بوێت بەدەستی بێنم، بێئاگا لەوەی من لە جەرگەی کۆمەڵگایەکـــم نێر نەبیت ئیتر مافت نیە بژیت بەدڵی خۆت».

دەشڵێت: «با پارەم هەبێت، من نەتوام بەدڵی خۆم خەرجی بکەم و نەتوام بە ئازادی تا شـــارێکی دیکە بـــڕۆم ئیتر بەچی ئەچێت؟».

# ژنانی گوند دەبنە دوکاندار

**▪ نەوژین، لەیلا ئەحمەد***

**میمکە پیرۆز، لەنێو دوکانەکەیدا لە گوندەکەی خۆیان، سەرقاڵی رێکخستنی ئەو شمەکانە بو کە لەسەر رەفە و مێزەکاندا ریزی کردبون، ناوەناو ژنێک یان منالێک دەهاتە ژورەوەو داوای کەرەستەیەکی دیارییکراوی دەکرد، ئەویش دەستوبرد دەیدایە دەستی.**

> ئاسانکاری باشی بۆ خه‌ڵکی گونده‌که‌مان کردوه

دیمەنێک کە لـــە گوندەکانی گەرمیاندا بەتایبـــەت، زۆر بەربڵاو و دوبارە نییە، کاتێـــک ژنانێـــک بڕیـــار دەدەن ببنە فرۆشـــیار و دوکانی تایبـــەت بەخۆیان دابنێن.

لەئێســـتادا چەند ژنێـــک لەگوندەکانی گەرمیان بـــەوەوە نەوەســـتاون کە لە چوارچێـــوەی ماڵـــەوە دا کاربکـــەن یـــان بۆ کاری کشـــتوکاڵ و ئاژەڵداریی هاوکاریی خێزانەکانیـــان بکەن، بەڵکو خۆشیان هەستاون بە کردنەوەی دوکان و فرۆشـــگای تایبەت بە خۆیان. ئەوان باس لەوەدەکەن، ئـــەم کارەیان رۆڵی هەبوە لە باشـــکردنی رەوشی گوزەران و بژێوییان.

پیرۆز رۆســـتەم، ٥٣ ســـاڵ، لەگوندی (سەید خلیل)ی سەر بە قەزای کەلار، دوکانی هەیـــە. لەبـــارەی کارەکەیەوە وتی: «دو کچ و کوڕێکم هەیە و پێشتر لەسەر ســـینی گڵۆبەڕۆژە و پسکێت و بنێشت و شتی ترم دەفرۆشت لەماڵەوە، بـــەڵام زۆر ناســـراو نەبـــوم و خزم و دراوسێ بەکەمی شـــتیان لێم دەکڕی، مێردەکەم توشی نەخۆشی درێژخایەن بو ئەرکی ژیاندنی خێزانەکەم و خەرجی چارەسەری مێردەکەم کەوتە سەرشانم، بۆیە بڕیارمدا دوکانێک بکەمەوە».

ئاماژەی بەوەشکرد: خۆم دەڕۆمە بازاڕی شار هەمو شتێک دەهێنم بۆ دوکانەکە و ئێستا جگە لەخەڵکی گوندەکەی خۆمان زۆر خەڵـــک لەگوندەکانی دەوروبەرمان دێن بۆ شـــت کڕین و کڕیـــار و داهاتم باشە و ناسراوترم.

ئەم کارکردنە، میمکە پیرۆزی دانەبڕیوە لەکاتی ماڵ و کشتوکاڵ، بەڵکو هاوشانی دوکانەکـــەی، ئەو کارانـــەش دەکات، دەشـــڵێت: «تا مابم لەژیان دوکانداری و کشـــتوکاڵی دەکەم و دوای خۆشـــم کچەکەم فێری پیشەکە کردوە».

هۆکارەکانـــی هاتنە پێشـــەوەی ژنانی گوند بۆ پیشـــەی دوکانداری جیاوازن، ئەگەر ژنانێک بەهۆی نەبونی کەســـێک کە بژێویان دابین بکات دەستیان بەکار کردبێـــت، هەندێکی دیکەیان بەهۆکاری قەیرانـــی داراییەوە رویان لە کردنەوەی دوکان ناوە.

بەهیە محەمەد، ٤٨ ســـاڵ، لە گوندی (دوانـــزە ئیمام)ی ســـەر بـــەر قەزای



ژنێکی دوکاندار لە گەرمیان لەگەڵ ئامادەکاری راپۆرت دا

کفری، لەنێـــو خانوەکەیاندا دوکانێکی بچوکی کردوەتەوە کە شەو و رۆژ بەروی کڕیاراندا دەرگای واڵا کردوە.

وتی: خاوە حـــەوت کچم و کوڕم نییە، مێردەکـــەم کشـــتوکاڵی دەکـــرد هیچ داهاتێکی نەبـــو، قەیرانی دارایی باری ئابوریمانـــی خراپکرد، بـــۆ رزگار بون لەهەژاری ماوەی چەند ساڵێکە دوکانێکم لەنێو خانوەکەی خۆمان کردەوەتەوە.

بەهیە، لەگـــەڵ کاری دوکانداریەکەیدا کاری کشـــتوکاڵیش دەکات و باســـی لەوەشکرد پیشەی دوکانداریەکەی باش بەڕێوە دەچێت و جیاواز لەو دوکانانەی تری گوندەکە، کارتی موبایل و جگەرە و شتومەکی تر دەفرۆشێت.

ئـــەو ژنە خۆشـــحاڵیی خـــۆی دەربڕی کەخەڵکـــی گوندەکە بەبـــێ جیاوازی دەستخۆشی لێدەکەن و هانی بەردەوامیی کارەکەی و باشتر کردنی دەدەن.

شلێر ئیبراهیم , ٢٧ساڵ، لەگەڵ منالّە ٩ ساڵانەکەی کە لە دوکانەکەی (بەهیە) چاومان پێکەوت، بۆ کڕینی شـــتومەک روی لەدوکانەکە کردبو. دەستخۆشـــی لەم هاتنە پێشـــەوەی (بەهیە) دەکرد و وتـــی: «کارێکـــی گرنگـــی کردوە و ئاسانکاری باشی بۆ خەڵکی گوندەکەمان کردوە، کەپێویستیمان بێت ناتوانین زو بڕۆینە بازاڕی شـــار و بیکڕین، زۆرجار لەناکاو میوانمان دێت خێرا لێرە شـــت دەبەین».

لەپـــاڵ دەستخۆشـــیی و پێشـــوازیی «باشـــی» خەڵکی لە هاتنە پێشەوەی ژنانـــی گوند بـــۆ کاری دوکانـــداری، هەڵوێستی خێزانی ئەو ژنە دوکاندارانە چییە و تاچەند پشتیوانیانن؟

میمکـــە پیرۆز، بـــۆ (نەوژیـــن) وتی: «بێگومـــان مێردەکـــەم و کوڕەکـــەم هاوکارمـــن و پێیانخۆشـــە ئەم ئەرکەم لەســـەر شـــان گرتوە، هانم دەدەن و زۆرجار یارمەتیدەرمـــن، چونکە ئەگەر وانەبێت ناتوانـــم لەم گوندە دوکانداری بکەم و بیبەم بەڕێوە و بەردەوام بم».

* ئەندامـــی تیمی رێکخـــراوی (وادی ئەڵمانی) لەگەرمیان

# ژنانی گەرمیان دەیانەوێت زیاد لە زمانێک بزانن



■ نەوژین، ئاشتی کەمال

**لەکاتێکدا هاوڕێ و هاوپۆلەکانی بۆیان قورس و زەحمەت بو فێری تاکە زمانێکی دیکە بن جگە لە زمانی دایکیان، بەڵام (زەهرا) سور بو لەسەر ئەوەی فێری چەندین زمان ببێت، ئەم پێداگیرییەش سەرەنجامەکەی بەوە شکایەوە کە ئەو کچە تاڕادەیەکی باش بتوانێت بە ٣ زمانی دیکە قسە بکات و بخوێنێتەوە.**

ئەم حەز و خولیایە بۆفێربونی زمان، ماوەی چەند ساڵێکە لە گەرمیان برەوێکی باشی لەنێو ژنان و کچان دا پەیدا کردوە، بەشێوەیەک کە بۆ بە دیهێنانی ئەم خولیایە، بە چڕیی رو لە کۆرس و خولەکانی فێربونی زمان دەکەن.

هۆکاری ئەم روکردنەش، زۆر و فرەچەشنە، هەیە وەکو خولیایەک بۆ ئاشنابون بە ئەوانی تر حەزی لە فێربونی زمانە.

زەهرا، ١٩ ساڵ، خوێندکاری زانکۆ، دەڵێت: «پێش گەیشتنم بە قۆناغی زانکۆ، لە هەوڵی بەردەوام بوم بۆ فێر بونی زمانەکانی تر، خۆشبەختانە توانیم زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی فێر بم».

ئەم حەزەش پاڵی بەو کچەوە ناوە کە ئێستا لە بەشی ئینگلیزیی لە زانکۆی گەرمیان درێژە بەخوێندن بدات، بۆ ئەوەی ئەو زمانەی بەهێزتر بکات.

هۆکارێکی تری سەرەکی لەوەی کچان و ژنان رو لە فێربونی زمان دەکەن، ئەوەیە کە دەرفەت و هەلی کاریان باشتر دەستدەکەوێت کاتێک زیاتر لەزمانێک دەزانن.

ئەزمونی (نیاز محەمەد)، نمونەیەکە کە بۆچونەکەی سەرەوە پشتڕاست دەکاتەوە.

بۆ (نەوژین) وتی: «من زمانی عەرەبییم لە کوردییەکەم باشترە، حەز کردنم لە زمانی عەرەبی وایلێکردم فێری ببم، دوای تەواوکردنی خوێندنیش چانسی ئیش کردنم بۆ هات لەبەر زانینی زمانی عەرەبی و کەمێک ئینگلیزی».

مامۆستایەکی زانکۆ، هەردو راکەی سەرەوە بە هۆکار دەزانێت بۆ ئەوەی ژنان پەنا بۆ فێربونی زمان ببەن.

د. دلێر حەبیب، بە (نەوژین)ی وت: «هۆکارەکانی فێربونی زیاتر لە زمانێک زۆرن، گرنگترینیان حەزکردنە لە ئاشنابون بە رۆشنبیری گەلانی دی، یان بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار، چونکە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربەی کۆمپانیاکان زانینی زیاتر لە زمانێک بەمەرج دادەنێن بۆ دامەزراندن».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، وایدەبینێت کە رادەی گرنگیپێدانی ژنانی گەرمیان بە فێربونی زمان و بەتایبەت ئینگلیزی، لەهیچ سەردەمێک دا وەکو ئێستا نەبوە.

> زانینی زیاتر لە زمانێک هەلی کار زیاتر دەکات

وتی: «بە دڵنیاییەوە ژنانی گەرمیانیش وەک ژنانی ناوچەکانی دی هەوڵی باشیان هەیە بۆ فێربونی زمانەکانی تر بەتایبەت زمانی ئینگلیزی، باشترین بەڵگەش لەسەر ئەم دیاردەیە بریتیە لە زۆری ژمارەی فێرخوازانی رەگەزی مێینە لە خولەکانی فێربونی زماندا، چونکە زانینی زیاتر لە زمانێک هەلی کار زیاتر دەکات».

ئاڤان عەبدوڵڵا، ٢٣ ساڵ، جەخت لە قسەکانی ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەکاتەوە و دەڵێت: «فێربونی هەر زمانێکی تر سودی زیاتری هەیە، منیش بە هۆی زانینی زمانەوە ئیشم دەستکەوتوە و ئێستا مامۆستام، بێگومان ئەگەر زمانم نەزانیبایە ئێستا بێکار دەبوم».

> فێربونی هەر زمانێکی تر سودی زیاتری هەیە

بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە خولیای ژنان بۆ فێربونی زمان هەر لە خەمی بەدەستهێنانی هەلی کار دا کورت بکەینەوە؟

رەها، ٣٢ ساڵ، مامۆستا، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێت: «من زمانی ئینگلیزی وعەرەبی و تورکی دەزانم، بەڵام فێربونەکەم هێندەی ئارەزو بوە، ئەوەندە بەمەبەست نەبوە بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار».

لەپاڵ ئەم هۆکار و پاڵنەرانە دا، کچێک باس لەوەدەکات کە شوێنی جوگرافیی گەرمیان هاوکارە بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی زیاد لە زمانێک بزانن.

شنۆ شاکەلی، فەرمانبەر، وتی: «شوێنی جوگرافی گەرمیان خۆی بوەتە هۆکارێک بۆ فێربونی چەند زمانێک، بەحوکمی هاوسنوریی لە گەڵ وڵاتی ئێران کە هۆکارێکە بۆ فێربونی زمانی فارسی لە لایەک و لەلایەکی ترەوە نزیکی لەناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق و بونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هاتنی ئاوارەی عەرەب، هۆکارە بۆ فێربونی زمانی عەرەبی».

---

# پیاوان ناوی دایکیان دەکەنە پاشناویان

■ نەوژین، پەرژین کامەران

**(سەرکەوت روناک، ئاراس گەلاوێژ، ئەحمەدی حاجی فاتم و ....هتد)، ئەگەر لە لایەنە فەرمیەکەوە بەناوی باوکیانەوە بانگ بکرێن، ئەوا لەلایەنە کۆمەڵایەتیەکەوە، خۆیان بەناوی دایکیانەوە ناساندوە.**

ئەگەر چاوێک بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا بگێڕی، زۆر هەژماری کوڕان و پیاوان دەبینی کە پاشناوەکانیان بەناوی دایکیانەوەیە، رەنگە وردەکاریی ئەم هەنگاوە زۆر بێت، بەڵام بەگشتی زۆرینەیان لەوەدا کۆکن کە «پیرۆزیی و گەورەیی» دایک، هانی داون ئەو کارە بکەن.

دانا نازەنین، ٣١ ساڵ، یەکێکە لەو کەسانەی بەناوی دایکییەوە خۆی دەناسێنێت. بۆ (نەوژین) وتی: ئەم پاشناوەم بەشێکی پەیوەندی بە کەسایەتی دایکمەوە هەیە، بەشێکی دیکەشی من پێموایە ژن دەبێت قودسیەتی پێبدرێت، کاتێک هەستەکەم ئازادم بە ناوی دایکمەوە ئازاد بکرێم.

«ئەوەی هانیدام بۆ ئەوەی ناوی دایکم بکەم بە پاشناوم، راستەوخۆ پەیوەندی بە سەردەمەکەوە هەیە کە تێیدا دنیای پیاو زاڵبوە بە سەر دنیای ژندا و ژن بێ رۆڵ و کاریگەریی کراوە». (ئاکام رێزان) وای وت.

ئەو کە تەمەنی ٢٤ ساڵە، وتیشی: «ئەوەی زۆر سوری کردم لەسەر ئەم کارە، ئەوەیە کە رقێکی خراپم بەرامبەر بە پیاو هەیە، بێگومان پیاو وەکو ئەقڵیەت».

هەریەکە لەو پیاوانەی پاشگری ناوی دایکیان داناوە ئامانجێکیان هەیە لە پشت ئەم هەنگاوەیانەوە .

سەرکەوت روناک، ٢٧ ساڵ، دەڵێت: ئامانجی من ئەوەیە ژن بە کەم نەنرخێندرێت بەرادەیەک کە لە هیچ شوێنێک ناوی نەبێت.

یادگار نەسرین_یش وتی: ئێمە رۆژانە دەمی هەر کەسێکمان بکەیتەوە نەفرەت لە پیاو سالاریی دەکەین، ئەم ناونانەش یەکەم هەنگاوی بنبڕکردنی پیاوسالارییە لەخۆت دا.

هەندێکی دیکە لەو کوڕانە، بۆنەیەکیان قۆستوەتەوە بۆ ئەوەی تیایدا ناوە نوێیەکەی خۆیان بەیان بکەن، وەک (ئاراز گەلاوێژ).

ئەو کە تەمەنی ٣٤ ساڵە، بەسی لەوەکرد لە رۆژی جیهانی ژنان دا لە ساڵی ٢٠١١، بڕیاریداوە ئەم ناوە تازەیە هەڵبگرێت.

دەشڵێت: «ئەم کارەمان داکوتینی بزمارێکی ترە لە تابوتی کۆنەپەرستی لە کۆمەڵگاکەماندا».

بەڵام ئایا ئەم هەنگاوە تاچەند دەبێتە هەوڵدانێکی فیعلیی بۆ بەهێزکردنی پێگەی ژن و باشترکردنی ئەو تێڕوانینەی هەیە بۆ رەگەزی مێ لە کۆمەڵگادا؟

یاسین ئافتاو، نوسەر و شارەزای کۆمەڵناسی، کە خۆیشی پاشناوەکەی کردوە بەناوی دایکیەوە، پێیوایە «یەکێکە لە هەنگاوە باشەکان، بەڵام تەنیا وەکو هەنگاوێکی لاواز دەمێنێتەوە».

دەشڵێت: لەپاڵ ئەمەدا دەبێت دەیان هەنگاوی کلتوریی، چاکسازی، دینی، یاسایی، دەستوری، میدیایی و پەروەردەیی بنرێت.

(یاسین ئەفتاو) وایدەبینێت کە پێویستە پاشناو دیموکراتیزە بکرێت و هەڵگرتنی ناوی دایک یان باوک ئەو رەمزیەتە خاوەنداریەتییە هەیەتی لێی بتەکێندرێت.

وتی: «من خۆم باوکی دو منالّم، زۆر بەلامەوە ئاساییە کە منالّەکانم ناوی دایکیان بکەنە پاشناو، بەڵام ئەگەر پرسەکە ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە کە دایکیان تاکە خاوەنی ئەوانە، ئەوە بۆ من کەمێک نائومێدکەر دەکەوێتەوە، چونکە من هاوبەشێکی سەرەکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منالّەکانم بوم، بۆیە دەبێت هەڵگرتنی پاشناو رەهەندێکی مرۆییانەی پێبدرێت، دور لە ئاوارتەکردنی رەگەزیی و جێندەریی و موڵکدارانە».




بەپێچەوانەی ئەو ژمارە گەنجەوە کە بەخواستی خۆیان پاشناوەکانیان کردوە بەناوی دایکیانەوە، ئەوا لە رابردودا حاڵەتەکە بەزۆریی بۆ ئەو کوڕانە بوە کە باوکیان لەژیاندا نەدەما و دایکی ئەرکی بەخێوکردنی دەگرتنە ئەستۆ.

ئەحمەد عەلی، ناسراو بە (ئەحمەدی حاجی فاتم)، ٥٢ ساڵ، یەکێکە لەو پیاوانە. بۆ (نەوژین) وتی: دایکم لەو ساتەوەی باوکم کۆچی دوایی کرد، ژیانی خۆی تەرخان کرد لەپێناو بەخێوکردنی ئێمە، هەربۆیە بەو ناوەشەوە ناسرام.

ئەو شانازیی بەو پاشناوەیەوە دەکات و دەڵێت: «خۆشترین و پیرۆزترین شت لە تەمەنم دا کە زۆر شانازیی پێوە دەکەم، ئەوەیە کە بە ناوی دایکمەوە ناسراوم و بانگ دەکرێم».

# بۆچی ژنان دوای هاوسەرگیری بەکەمی دەخوێننەوە؟

■ نەوژین، سوزان خەلیل

**بەر لەوەی هاوسەرگیریی بکات، (ئاران) بە بەردەوام کتێبی دەخوێندەوە و خوێندنەوەی کردبو بە نەریتێکی هەمیشەیی، بەڵام لەوەتەی چەند ساڵێکە هاوسەریگریی کردوە، بە بیری نایەت دواجار کەی بوە کتێبێکی بۆ خوێندنەوە بەدەستەوە گرتبێت.**

> بەهۆی سەرقاڵبونم بە ماڵ و مناڵ، هیچ بوار و کاتی خوێندنەوەم نەماوە

ئەم حاڵەتەی لەلای (ئاران) دا هەیە، لەلای زۆرێکی تر لە ژنانیش دا هەیە، ئەویش کاتێک دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، دەستبەرداری خوێندنەوە دەبن.

ژنان کە واز لەخوێندنەوە دێنن، بەزۆری هۆکارەکەی بۆ سەرقاڵی دەگێڕنەوە، لەکاتێکدا خوێندنەوە کارێکە کە هەمو تاکێک و بەتایبەت ژنان زیاتر پێویستییان پێیەتی، بەوپێیەی بەهۆی باری کۆمەڵایەتییان و پێکهێنانی خێزانەوە، ڕەنگە ڕوبەڕوی کێشەی زۆرتر ببنەوە کە خوێندنەوە ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەکان تاڕادەیەک فراوان دەکات.

ئاران نەجم، ٢٥ ساڵ، پاش ئەوەی هاوسەرگیری کردوە، ئێستا ژنی ماڵەوەیە، بۆ (نەوژین) وتی: «پێش هاوسەریگریی زۆر حەزم لەخوێندنەوە بوە زۆریش دەمخوێندەوە، بەڵام دوای هاوسەرگیریی زۆر بەکەمی دەخوێنمەوە».

ئاران، لە گێڕانەوەی هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە کە لە ڕیتمی خوێندنەوەی دا هاتوەتە ئاراوە، «سەرقاڵیی» بە بیانو زانی. وتی: «بەهۆی سەرقاڵبونم بە ماڵ و مناڵ، هیچ بوار و کاتی خوێندنەوەم نەماوە، بەڵکو خۆم بۆ ئیشوکاری ڕۆژانە تەرخانکردوە».

ئەم حاڵەتە بە ڕەهایی نا، بەڵام بە زۆری و بەربڵاوی لەلای ژنان بونی هەیە، هەندێکیان ئاماژە بەوەدەکەن کە پاش هاوسەریگریی ڕەنگە دەرفەت و کاتی خوێندنەوەی کتێبیان نەبێت، بۆیە بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان قەرەبوی دەکەنەوە.

دێکان حەسەن، یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی کە وەکخۆی دانی پیادا دەنێت ئارەزوی کتێب خوێندنەوەی هەیە، بەڵام لەوەتەی هاوسەریگریی کردوە، زۆرتر لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەخوێنێتەوە.

وتی: «زۆر کات لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کتێب دەخوێنمەوە، چونکە زۆرتر تەکنەلۆژیا بەکاردێنم».

بەڵام خەمەکە ئەوەیە کە ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن ببنە بەدیلی کتێبەکان؟ ئایا ئەو قوڵیی و چڕییەی لە خستنەڕو و وروژاندنی پرس و بابەتەکان دا کە لە کتێب دا هەیە، بەراورد دەکرێت بەو باسکردنە سەرەتایی و توێژاڵییەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا بونی هەیە؟

وەک (دێکان) ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەی هاندەرە بۆ ئەوەی زۆرتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بخوێننەوە، بەردەستیی و ئاسانیی ئەو تۆڕانەیە، ئەگینا هاوسەرگیریی و نەبونی کات و لەلای ئەو هۆکاری نەخوێندنەوە نییە «هاوسەرگیری ڕێگر نەبوە لەبەردەمم دا بۆ ئەوەی بخوێنمە».

ئەگەر ژنانێک باسلەوە بکەن کە دەرفەت و بواری خوێندنەوە و بەتایبەت خوێندنەوەی کتێبیان نییە یان کەمە، ئەوا ژنانی دیکە هەن کە لێنەگەڕوان هاوسەرگیریی ببێتە بەربەست لەمڕووەوە.

تەرزە نوری، ٣٠ ساڵ، فەرمانبەرە و هاوسەرگیری کردوە، بۆ (نەوژین) وتی: «پێش هاوسەرگیری و دوای هاوسەرگیریش هەر دەخوێنمەوە و ئارەزوی کتێب خوێندنەوەم هەیە».

وتیشی: ئەگەر ئافرەت ئارەزوی لە کتێب خوێندنەوە هەبێت، هاوسەرگیری هیچ کات ڕێگری ناکات لەوەی کتێب بخوێنێتەوە.

ئەگەر کەسانی وەکو (تەرزە) هەبن کە نەیانهێشتوە هاوسەرگریی لە خوێندنەوە دایانبڕێت، ئەوا ژنانی وەکو (ئاواز)یش هەن کە نەک خوێندنەوە، بەڵکو پاش هاوسەرگیریی بەکاری وەرگێڕانی کتێب هەستاون.

ئاواز فاتح جاف، ٤٣ ساڵ، ژنێکی وەرگێڕە، بۆ (نەوژین) دوا: «حەزێکی زۆرم هەبوە بۆ کتێب خوێندنەوە و وەرگێڕانی کتێب، ئەم حەزەشم وای لێکردم نەک دابیڕێم، بەڵکو پەرە بە تواناکانم بدەم و بتوانم لە ساڵی ٢٠٠٥ دا یەکەم کتێبی وەرگێڕاوم بە چاپ بگەیەنم».



# نەسرین، فەخری ئەدەبیاتی کوردیی





■ نەوژین

**لە ڕۆژانی ڕابردودا ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ئەدەبیی کوردیی داکشا، ژنێک ساڵانێکی زۆری تەمەنی بۆ بەدواداچون و لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان و فەرهەنگی کورد خەرج کردبو، ژنێک هاوشێوەی نازناوەکەی، فەخر بو بۆ ئەدەبیاتی کوردی.**

نەسرین محەمەد فەخریی، ژنە مامۆستای زانکۆ و ئەدیب و لێکۆڵەر لە ئەدەبیاتی کوردیی، لە تەمەنی ٨١ ساڵیی دا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. ئەو بە یەکێک لە سەرەتاییترین ئەو کوردانەی باشور دێتە ژماردن کە بڕوانامەی باڵایان لە خوێندنی ئەکادیمیی دا لە بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردیی بەدەستهێناوە.

نەسرین فەخری، لە سلێمانی لە (١٩٣٧/١٢/٢٧) هاتوەتە دونیاوە، بەوپێیەی باوکی کەسێکی ڕۆشنبیر بوەو ئەفسەر بوە، هەربۆیە دەرفەتی ئەوەی پێدراوە بخوێنێت و پەرە بە ئاستی خوێندنەکەی بدات.

ئەو ئەگەرچی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی دا هێناوە، بەڵام پاشان روی لە خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردیی ناوە و بۆ خوێندنی باڵا روی لە یەکێتی سۆڤیەت کردوە، هاوشانی ژمارەیەک لە نوسەر و ئەکادیمیی ناسراوی تر لەوانە: (د.کەمال مەزهەر) و (د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، لە شاری باکۆ توانیویەتی بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بێنێت.

کارکردنی د.نەسرین فەخری، بەگشتی لە بواری ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیی دا بوە، بەڵام ئەو پتر لە بواری ڕێزمان و زمانناسیی دا شارەزا بوە و زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان و تەنانەت تێزی دکتۆراکەشی هەر لەم بوارەدا بوە.

پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق، یەکێک بوە لە مامۆستا و پایەکانی بەشی کوردیی لە زانکۆی بەغدا، لەسەر دەستی ئەو و مامۆستا هاوڕێکانی، ژمارەیەکی زۆر لە ئەکادیمی و نوسەر و ئەدیبانی کورد خوێندنیان تەواو کردوە.

لەپاڵ کاری ئەکادیمیش دا، چالاکیەکانی لە بواری پەرەدان بە فەرهەنگیی کوردیی بەردەوام بوە، لەوسۆنگەیەشەوە وەکو یەکێک لە بەشدارانی دامەزراندنی بناغەی کۆڕی زانیاریی کورد هەژمار دەکرێت، هەروەک لە دروستکردنی یەکێتی نوسەرانی کوردیش دا ڕۆڵی هەبوەو یەکێک بوە لە ئەندامەکانی.

> بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆڕی زانیاریی کورد هەژمار دەکرێت

> ڕۆژنامەوانیی یەکێکی ترە لەو بوارانەی خزمەتی تێدا کردوە

ئەو لەدەمێک دا کە ژمارەی خوێندکار و ئەدیبی ژنی کورد زۆر کەم و دەگمەن بوە، کەچی وەک مامۆستا و وەکو نوسەرێکیش چالاک بوە، دەتوانرێت لەو ژنە پێشەنگانە هەژمار بکرێت کە لەو ڕوەوە خزمەتیان کردوە.

جگە لەکاری مامۆستایەتی کە تاپێش خانەنشین بونی لە ٢٠١١ هەتا پلەی پرۆفیسیۆریی ڕۆشتوە، بەردەوام بوە لە نوسین و کاری ئەکادیمی، لەم ڕوەشەوە خاوەنی زیاتر لە ١٠ کتێبی نوسراوی جیاوازی بواری ڕێزمان و زمانناسیی و فەرهەنگی کوردییە.

هەتا ئەو ساڵەی خانەنشین دەبێت، هەر لە شاری بەغدا گیرساوەتەوە، پاش ئەو ساڵە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی ئەو شارەی تیایدا لەدایکبوە، وەک بڵێی بیەوێت هەر لەو شارەش دا دوا هەناسەی ژیان هەڵمژێت کە بۆیەکەمجار یەکەم هەناسەی ژیانی تیادا.

جگە لەوەی کوردییزانێکی باش بوە بە زاراوە جیاوازەکانیەوە بەتایبەت دو زاراوە سەرەکیەکەی، هاوکات چەندین زمانی تریشی زانیوە کە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی بیر و ئەزمونی دا هەبوە، لەوانەش زمانەکانی: عەرەبی، تورکی، روسی و ئینگلیزی، لەگەڵ هەندێک شارەزایی لە چەند زمانێکی دیکە.

وەکو زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی تری کورد، کاری ڕۆژنامەوانیی، یەکێکی تر بوە لەو بوارانەی کە خزمەتی تێدا کردوە لە پاڵ بوارەکانی دیکەدا، ئەو لە بەغدا بۆماوەیەک لە بەشی کوردیی ئێزگەی بەغدا کاری کردوە، پاشانیش کە روی لە سۆڤیەت کردوە بۆ خوێندنی ئەکادیمی، ماوەیەک لە مۆسکۆ و پاشان باکۆ، لە بەشی کوردی ئەو ئێزگانە بەهەمانشێوە کاری کردوە.

نەسرین فەخری، پاش جێهێشتنی ئەزمونیکی پڕ لە فەخر، لە ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی بە خاک سپێردرا.

# ژنان لەسەرەی نەخۆشخانەوە بۆ سەرەی نۆڕینگەکان



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**«ددانم ئازاری هەبو ڕۆشتم بۆ نەخۆشخانەی گشتی، بەڵام هەڵیان نەکێشا بۆم، ناچاربوم ڕو لە نۆڕینگە بکەم، لێرەش ماوەی ٣ کاتژمێرە وەستاوم تا ئێستا سەرەم نەهاتوە».**

(توبا) لەنێو قەرەباڵەغیی زۆری هۆڵی چاوەڕوانی نۆڕینگەی یەکێک لە پزیشکەکانی کەلار بە نیگەرانیەوە ئەم وتانەی سەرەوەی دەربڕی. ئەو لەگەڵ کەسی تر، لە سەرەی بینینی پزیشک دا بون.

ئەو دیمەنەی (توبا)مان تیایدا بینی، هەمو ڕۆژێک لە نۆڕینگەکانی سنورەکەدا دوبارە دەبێتەوە، بەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لەسەرەی چونە لای پزیشک دەوەستن، ئەوان نیگەرانن لە خزمەتگوزاریەکانی نۆڕینگەکان.

توبا محەمەد، ٥٠ساڵ، درێژەی بە نیگەرانییەکانی دا و وتی: «ماوەیەکی زۆرە لێرە چاوەڕوانم، تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە دکتۆر ببینم».

چاوەڕوانکردنی زۆری نەخۆشەکان بوەتە هۆی بێزارکردنیان بەتایبەتی ئەو پزیشکانەی کە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دەبینن.

عەسمە نەریمان، ٤٥ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: لەنەخۆشخانەی گشتی کاتی پێویستیان پێ نەدام کەباسی نەخۆشیەکەم بکەم، گوایا هاتمە عەیادە بۆ ئەوەی دکتۆر بە باشی تێبگەیەنم، کەچی لێرەش کاتێکی زۆر چاوەڕوان دەبم تاوەکو چەند دەقەیەک دکتۆر ببینم».

وتیشی : «کاتی پێویستم پێ نادەن کە نەخۆشیەکەم بۆ دکتۆر باسکەم».

زۆرێک لە نۆڕینگەکان، شوێنەکانیان شیاو نییە، ئەمە سەرباری خزمەتگوزاریەکان، چ لەڕوی ڕوبەری بینای نۆڕینگەکان و چ لەڕوی بونی فێنککەرەوە و گەرمکەرەوە و چ لەڕوی بونی خزمەتگوزاریی دیکەی چاوەڕوانی. ڕەنگە بەشێکی زۆری هۆکاری ئەم کەمی خزمەتگوزارییە، پەیوەندیی بە نەبونی چاودێریی پێویستی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە هەبێت بەسەر نۆڕینگەکانەوە.

زۆر چاوەڕوان دەبم تاوەکو چەند دەقەیەک دکتۆر ببینم

بەپێی ڕاپۆرتێکی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان سەر بە ڕادیۆی دەنگ، نۆڕینگەکان لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی تەندروستی دا نین، بەڵکو لەلایەن سەندیکای پزیشکانەوە مۆڵەتیان پێدەدرێت و ناوەناو لەلایەن لیژنەکانی قایمقامیەتەوە بەسەردەکرێنەوە کە ئەوەش وەکو پێویست نییە.

زمانی حاڵی زۆرێک لە نەخۆشەکان، گلەیی کردن و لۆمەکردنی پزیشکەکانە، بەوەی لەبەر سودی دارایی، لە نەخۆشخانەکان زۆر گرنگییان پێنادەن و لە نۆڕینگەکانیش ئەگەرچی لە نەخۆشخانەکان باشترە، بەڵام گرنگیپێدانیان هەر وەک پێویست نییە، بەڵام ئایا پزیشکان لەبەرامبەر وەها تۆمەتبارکردنێک دا چی دەڵێن؟

د. بەناز جەلیل، پزیشکی پسپۆری ژنان و مناڵبون کە هاوکات بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبە بۆ ژنان و منالبون لە کەلار، لەوەڵام دا وتی: «دانانی کات بۆ نەخۆش دەکەوێتە سەر جۆری نەخۆشیەکە، لەنەخۆشخانەی گشتی ناتوانین بەشێوەیەکی باش گوێیان لێبگرین».

دانانی کات بۆ نەخۆش دەکەوێتە سەر جۆری نەخۆشیەکە

ئەو پزیشکە ڕونکردنەوەی زیاتری دا و وتی: لەنەخۆشخانەدا نەخۆش زۆرە، دەشبێت هەمو نەخۆشەکان ببینین، ئەگەر کاتی زۆریان پێ بدەین ناڕەزایی دەردەبڕن لەسەر نەتوانینی بینینیان.

د. بەناز جەلیل، نەیشاردەوە کە ڕادەی گرنگییدان بە نەخۆش لە نۆڕینگەکان زیاترە وەک لە نەخۆشخانەکان «لە نۆڕینگەدا بەشێوەیەکی باش گوێ لەنەخۆشەکان دەگرم، سەرباری ئەوەش بەهۆی ئەوەی نەخۆشێکی زۆر سەردانمان دەکەن، بۆیە لە نۆڕینگەکانیش زۆرجار قەرەباڵەغی دروست دەبێت و دەبێتە هۆی زۆر چاوەڕوانکردنی نەخۆشەکان».

سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی کوردستان، خەتاکە هەر لە ئەستۆی پزیشکەکان نابینێت، بەڵکو بەشێکی دەخاتە ئەستۆی خودی نەخۆشەکانیش.

د.تەها مەحوی، بۆ (نەوژین) وتی: «ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشەکان ڕو دەکەنە نۆڕینگەکان ئەمەش قەرەباڵەغی دروست دەکات، هەروەها ئەگەر مامەڵەی باش نەکرابێت دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی نەخۆشەکان».

# گوزەرانی ئەو دایکانەی منالی خاوەن پێداویستیی تایبەتیان هەیە

■ نەوژین، ئاسیا حسێن

**(ئامینە)ی تەمەن ٨٠ ساڵ، بیست ساڵ تێدەپەڕێنێت لە بەرگەگرتن و قوربانیدان لەگەڵ کچە بچوکەکەی کە لەڕوی دەرونییەوە نەخۆشە و بۆ یەک خولەکیش تەنیای ناخات.**

ئەو دایکانەی کە خاوەن منالێکی خاوەن پێداویستی تایبەتن «کەمئەندام»، دەبێت ئەو ڕاستیە قبوڵ بکەن و تا دوا ساتەکانی تەمەنیان لەگەڵی دا قوربانی بدەن. ئەوان نەخۆشخانەیەکی دەرونی گونجاو یان پاڵپشتیەکی مەعنەویی لەناو کۆمەڵگاوە شک نابەن، بۆیە لە کونجێکی ماڵەکەیاندا هەمو قوربانیەک بۆ گەورەکردنی منالەکانیان دەدەن.

ئامینە، کە بیست ساڵە کچە خاوەنپێداویستیە تایبەتیەکەی بەخێو دەکات و بە وتەی خۆی بۆ یەک خولەکیش جێی ناهێڵێت، بە ئاهێکی قوڵ و دڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە بۆ (نەوژین) دوا و وتی: «کچە بچوکەکەم لە تەمەنی هەرزەکاری دا و دوای مردنی برا هاوتەمەنەکەی، توشی نەخۆشی (شیزۆفرینیا) بو کە نەخۆشیەکی دەرونییە، لەوکاتەوە ناتوانێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژێت».

درێژەی بە گێڕانەوەی کۆژانەکانی دا و وتی: «من ئەو ڕاستیەم قبوڵ کردوە کە کچەکەم چیتر کچێکی ئاسایی نییە، بەڵام ئەوەی ئازارم دەدات و پشتی شکاندوم قسەی خەڵکە».

وتیشی: «٢٠ ساڵە من بە ڕۆژ و بە شەو لەگەڵ کچەکەمدا دەژیم و ئەگەر بۆ چەند خولەکێکی کەمیش لێی دورکەومەوە، ئەوا ئەو دەگیرێت و هاوار دەکات»

هاوشێوەی (ئامینە)، (خەجێ) کە خاوەن کوڕێکی نەخۆشی ئۆتیزمە، لە نەخۆشیی کوڕەکەی نا، بەڵکو لە قسەکانی خەڵک ماندو بوە.

وتی: «ئەگەر خەڵک بهێڵن، ئەوا من و کوڕەکەم ژیانێکی ئاسودە بۆخۆمان دابین دەکەین، بەڵام هەمیشە خەڵک حاڵی کوڕەکەم دەدەنەوە بەناوچاوم دا و پێم دەڵێن کە خەفەتی ئەو کوڕە تۆی کوشتوە».

بەردەوام بو و وتی: «من ناتوانم تەنانەت بۆ زەرورترین حاڵەتیش کوڕەکەم بە تەنها جێبهێڵم، چونکە کەس بەرپرسیارێتی ئەو ناگرێتە ئەستۆ».

کێشەی منالانی خاوەنپێداویستی تایبەت ئەوەیە کە کەم کەس هەیە لە تاکەکانی خێزانیش بەرگەی کۆژان و ماندوبونەکانی ئەو منالانە بگرن، ئەو ئەرکەش بەزۆری دەکەوێتە سەر دایکەکان.

ساران، ناوی خوازراوی ژنێکە کە منالێکی نەخۆشی ئۆتیزمی هەیە، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە وتی: «من خاوەن کچێکی ١٠ ساڵەی نەخۆشی ئۆتیزمم، کچەکەمم خۆش دەوێت و ناتوانم بۆ یەک ڕۆژیش بیسپێرمە کەسێکی تر، چونکە دەزانم تەنانەت خوشک و براکانیشی ناتوانن بارودۆخی ئەو تەحەمول بکەن».

بەڕای توێژەرێکی دەرونیش ئەو تانە و تەشەرانەی کە کۆمەڵگا لە بەخێوکەری ئەو منالانەی دەدات دەرونی دایکان نائارام تر و دۆخیان سەخت تر دەکاتەوە.



خەڵات سالەح، توێژەری دەرونی، لەبارەی گوزەرانی ئەو دایکانەی کە خاوەن منالێکی خاوەنپێداویستی تایبەتن، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەو تانە و تەشەرانەی لەلایەن خەڵکیەوە لەم دایکانە دەدرێن وادەکات دایکان منالەکەیان تێکەڵ بە جیهانی دەرەوە نەکەن و پەراوێزی بخەن تاوەکو چیتر تانە و تەشەر نەبیستن».

پێشیوایە ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت، چونکە مرۆڤ لە هەر بارودۆخێکدا بێت نابێت پەراوێز بخرێت.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، ٧٣٥٠ خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەمو تەمەنەکان لە گەرمیاندا هەن، کە ئەم ئامارە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە سودمەندن.

لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی کە ئامارەکان پیشانی دەدەن، کەچی لە گەرمیاندا هێشتاش دایکان ناتوانن منالە خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکانیان بسپێرنە سەنتەر و پسپۆڕانی دەرونی.

لەمبارەیەوە (ئامینە) وتی: ئەگەر کچەکەم ببەمە نەخۆشخانەیەکی دەرونی، ئەوا خزم و هاوسێکانم پێیانوایە تاقەت و حەوسەڵەی بەخێوکردنیم نەبوە و «لەکۆڵم کردوەتەوە».

# توندوتیژی دژی منالان چییە؟

■ دنیا جەلال

**دیاردەی توندوتیژی دژی منالان، یەکێکە لە گەورەترین ئەو کێشانەی کە لە ئەمڕۆدا روبەڕوی جیهان بوەتەوە، چونکە بە پێی راپۆرتەکانی «یونسیف» و راپۆرتەکانی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە پاڵپشت و داکۆکیکەرن لە مافەکانی منالان، بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ژمارەی منالانی قوربانیانی هەمو جۆرەکانی توندوتیژی و زەبروزەنگ، لە جیهاندا لە زیادبون دایە.**

> لە (١٠٠) وڵاتی جیهان، مامۆستاکان بە دار لە قوتابیان دەدەن

> هیچ کۆمەڵگایەک پێشکەوتوش لە توندوتیژی دژی منالان بەدەرنیە

هیچ کۆمەڵگایەک پێشکەوتو بێت یا دواکەوتو، لە تاوانی توندوتیژی دژی منالان بەدەرنیە، لە ئێستاشدا بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە شەڕ و ئاژاوەیان تێدایە، یان خاکەکانیان لە لایەن داگیرکەرانەوە داگیرکراون یاخود ئەو وڵاتانەی بە دەستی هەژاری و بێکاری و برسێتییەوە دەناڵێنن، چەوسانەوە و توندوتیژی دژی منالان، لە ئاستێکی پێشێلکاریی مەترسیدار دایە.

بە هەزاران منالی پاک و بێتاون بونەتە سوتەمەنی شەڕ و بە زۆر چەکیان پێ هەڵدەگرن و رەوانەی شەڕیان دەکەن، یان دڵڕەقانە لە شەڕدا دەیانبەنە پێشەوە و دەیانکەن بە قەڵغانی خۆپاراستن. یاخود پاکییان دەشێوێنن و فێری کاری کوشتن و سەربڕین و خۆتەقاندنەوەیان دەکەن وەک ئەوەی داعش کردویەتی.

لەم وڵاتانەدا کە عێراقیشی لەنێواندایە، بە هەزار منالً کوژران، بە هەزارانی تریش دەستدرێژی کراوەتە سەریان و ئەتکران، بە ملیۆنانیشیان ئاوارە و سەرگەردان بونە، رەشوروت و برسین و لە مافی خوێندن و شادی و یاری و لە چێژ و خۆشییەکانی تافی منالًیان بێبەشن.

توندوتیژی و زەبروزەنگ دژی منالان چیرۆکێکە کۆتایی نایات، ئەو کارە بەتەنیا لە مەیدانی شەڕدا کورت نەبوەتەوە، بەڵکو شۆڕ بوەتەوە تەنانەت بۆناو قوتابخانەکانیش.

لە راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان دەربارەی توندوتیژی دژی منالان، ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئەمڕۆش لە قوتابخانەکانی زیاتر لە (١٠٠) وڵاتی جیهان، مامۆستاکان بە دار و قامچی مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانیاندا دەکەن، تەنانەت لە ئەمریکاشدا سالانە زیاتر لە (٥) ملیۆن منالً روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە، لەم ژمارەیەش سالًی زیاتر لە (٥) هەزار منالً، لە ئەنجامی توندوتیژی و لێدان دەمرن.

توندوتیژی دژی منالان تەنها لێدان و بەرکەوتنی جەستەیی نییە، بەڵکو زۆر شێوازی تریشی هەیە، وەک: هەڕەشەکردن، ترساندن، سوکایەتی و بێڕێزی کردن، جوێن و قسەی ناشیرین پێوتن، توانج و تانە و تەشەر، گاڵتەپێکردن، تفلێکردن، پشتگوێخستن، دەستدرێژی کردن، روشکاندن و تەریقکردنەوەیان، زەوتکردنی ئازادییان و ... هتد.

لە رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بۆ مافەکانی منالً کە لە رێکەوتی (٢٠ی/ نۆڤەمبەر/ی ١٩٥٩) دا دەرچوە، لە ماددەی (١٩) دا، بەمشێوەیە پێناسەی توندوتیژی کراوە: «هەمو دەوڵەتە لایەندارەکان، هەمو کارێکی یاسایی و بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتی گونجاو دەگرنەبەر، بۆ پاراستنی منالً لە هەمو شێوەکانی توندوتیژی، زیان پێگەیاندن، خراپی جەستەیی، گوێپێنەدان، مەمەڵەکردنی خراپ، لەخشتەبردن، لەوانەش دەستدرێژیی بۆ سەر کچان، کە لەژێر چاودێریی باوکی و دایکی یاخود راسپێراوی یاسایی یان هەر کەسێک بێت، پێویستە بەڵێنی ئەوە بدات، کە منالًەکە بەخێو دەکات».

هەندێک کەسیش توندوتیژی بەوە پێناسە دەکەن کە بەکارهێنانی هێز و رقلێبونەوەی مەبەستداری بە ئەنقەستە دژی کەسانی تر، کە وێرانی و زیانی ماددی و دەرونی بە دوای خۆیدا دێنێت.

پێناسەی سایکۆلۆژیش بۆ توندوتیژی ئەوەیە: «مەودایەکی فراوانی رەوشتییە، گوزارشت لە دۆخێکی هەڵچون دەکات، کە بە ئازار و زیانگەیاندن بە کەسانی تر کۆتایی دێت، یان بە شکاندن و وێرانکردنی موڵکی کەسانێکی تر، لەوانەشە بگاتە هەڕەشەی کوشتن و تەنانەت خودی کوشتنیشی لێ بکەوێتەوە».

بە بۆچونی دەرونناسان، توندوتیژی رەوشتێکی ماکییە «غەریزیە»، کە رق و حەزی وێرانکاریشی لەگەڵدایە، ئامانجیش دەربڕینی ئەو دوژمنکارییە شاراوەیەیە، بەرانبەر بە بە خەڵکی.

لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە، دەتوانین توندوتیژی دژی منالان وا پێناسە بکەین: «هەمو شێوەیەکی رەوشتێکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، بە قسە یا بە قسە نەبێت، ئاشکرا یا شاراوە بێت، ماددی یا مەعنەوی بێت، نەرێنی یا نەرێنی نەبێت، کە دەبنە هۆی ئازاردان و زیانگەیاندن، یا خراپیی رەفتارکردن بەرانبەر بە منالان. یان دەستدرێژیی سێکسی و هەست بریندارکردن، کە دەبنە هۆکاری ئازاری جەستەیی و دەرونیی منالان و شوێنەوارێکی مەترسیداری جەستەیی و دەرونی و سۆزداری بۆ سەر منالان لێدەکەوێتەوە.

ئەم توندوتیژی و دەستدرێژییانە، پێچەوانەی بەها مرۆییەکان و لە زۆرباریشدا پێچەوانەی بەها ئاینیی و کۆمەڵایەتییەکان و یاسا نێودەوڵەتیەکانە، بەوە ناودەبرێت کە تەنیا هەست و رەوشتە، مرۆڤ لە گیانەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە.





# ئەم 13 بنەمایە لە هاوسەرگیری دا رەچاو بکە

■ ئامینە محەمەد

**هاوسەرگیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی مرۆڤدا، هەربۆیە بڕیاردان لەسەر ئەو ژیانە، پێش ئەوەی حەز بێت بەرپرسیارێتییە.**

> لەگەڵ هاوسەرەکەت بە، بەڵام کۆت و بەندی مەکە

رەنگە زۆر چیرۆکی جیاوازت بیستبێت لەسەر هاوسەرگیری، بەدڵنیاییەوە دەیان و بگرە سەدان چیرۆکی تریش دەبیستی، بەڵام بە رای شارەزایانی پەیوەندیە خێزانییەکان، کۆمەڵێک بنەما هەن کە ئەگەر ژنان و پیاوان رەچاوی بکەن لە هاوسەرگیریی دا، ئەوا تارادەیەکی زۆر ژیانیان بۆ ئاسان و خۆش دەکات.

هەندێک لەو بنەمایانەش بە خاڵ لە خوارەوە دەخەمەڕو، کە بەرێکەوت ژمارەی خاڵەکان (١٣) دانەن!

١. هاوسەرەکەت خۆش بوێت، خۆشەویستی تەنها وشەیەک نییە، بەڵکو خۆشەویستی کردارە، خۆشەویستی ناسەندرێت بەڵکو دەبەخشرێت.

٢. ژیانی هاوسەرگیری ئاهەنگێکی بێکۆتایی نیە وەک ئەوەی لە فیلمەکاندا بینیوتە، بەڵکو خۆشی و ناخۆشی و نەخۆشیشی تێدا دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە خۆت بۆ هەمو دۆخێک ئامادە بکەیت.

٣. بڕیاری ئەوە بدەن لە گەڵ ئەو کەسەی دەیکەیتە هاوبەشی ژیانت بەیەکەوە گەشە بکەن و ژیان دروست بکەن، ئەگەر تەواوی بارگرانیەکان بخەیتە سەرشانی هاوسەرەکەت، ئەوا دڵنیابە رۆژێک دێت خۆی داوای جیابونەوەت لێدەکات و بەرگە ناگرێت.

٤. هەوڵبدە هەمیشە ئەو کێشانەی کە دێنە رێگەت بە هێمنی لە ماڵەکەی خۆت چارەسەری بکەیت و هەرگیز کێشەکانت لەدەرەوەی ماڵەکەت لەبەرچاوی کەسانی تر چارەسەر مەکە، چونکە دەرخستنی کێشەکان لای خەڵک و هاتنە ناوەوەی خەڵک کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. کە دەڵێین کەسانی تر، مەبەستمان دەوروبەر و کەسوکارە نەک کەسانی پسپۆڕ، چونکە پەنا بردن بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزایانی بوارە کۆمەڵایەتیی و خێزانیەکان، هاوکار دەبن بۆ زوتر چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاڵۆزتر نەبونی.

٥. هەرگیز درۆ لەگەڵ هاوسەرەکەت مەکە و هیچی لێ مەشارەوە ئەگەرچی بچوکیش بێت، چونکە ئەگەر شاردنەوەی شتە بچوکەکانت لا ئاسایی بێت، بە هەمان شێوە لات ئاساییە کە شتە گەورەکانیش بشاریتەوە. بۆیە هەمیشە راستگۆبە، چونکە سود وەرگرتن لە راستگۆیی وەک سود وەرگرتن لە پارە وایە بۆتان.

٦. بڕوا بەقسەی هەمو کەس مەکە کە بۆتی دەکەن سەبارەت بە ژیانت و هاوسەرەکەت، جگە لەوانەی کە خۆشەویستتن و خۆشبەختی تۆیان لا مەبەستە.

٧. کەسایەتی هاوسەرەکەت بە چی جۆرێکە بەو شێوەیە قبوڵی بکە، بەهیچ شێوەیەک بیر لەوە مەکەوە دەزگیرانەکەت دوای هاوسەرگیری بگۆڕێت، بەو جۆرە قبوڵی بکە کە هەیە، ئەگەر نا چاوەڕێی گۆڕانکاری جادویی مەکە لە کەسایەتی ئەودا روبدات.

٨. ئاگات لە رێزگرتن و خۆشەویستی دایک و باوک و خوشک و برا و کەسەکانی بێت، تا ئەویش بە هەمان شێوە بێت بەرامبەر بە تۆ.

٩. لەگەڵ هاوسەرەکەت بە، بەڵام کۆت و بەندی مەکە، ئەم یاسایە بۆ خانمان و پیاوان هاوشێوەیە، چونکە هەر یەکەیان پێویستیان بە ئازادی خۆیان هەیە لە چوارچێوەی بازنەی خێزاندا.

١٠. حەز لە شتێک مەکە کە لە توانای هاوسەرەکەتدا نەبێت دابینی بکات، هەتا هاوسەرەکەت هەست بە کەموکوڕی خۆی نەکات لەوەی ناتوانێت داواکەت بۆ بەدیی بێنێت.

١١. گاڵتە بە ویست و خەونەکانی هاوسەرەکەت مەکە و رێز لە ئاواتەکانی بگرە ئەگەر بەلای تۆشەوە گرنگ و جێی بایەخ نەبن.

١٢. ئەنانی و خۆپەرست مەبە لە بەرامبەریدا.

١٣. کاتێک بابەتێک هەبێت و پێویستی بە بڕیاری ئێوە هەبێت، بە یەکەوە بڕیار بدەن و پێویست ناکات کەستان خۆتان بکەن بە سەرۆکی ئەوی دیکە. بۆ ئەوەی لە نرخ و بەهای کەستان کەم نەبێتەوە، گوێ بۆ یەکتری بگرن.

پزیشکێک دەڵێت نازانستییە و هۆشداریی لە ئەنجامدانی دەدات

# ژنان بە ڕێگەی کوردەواریی «چارەسەری» لەوزەتێن دەکەن

■ نەوژین، زریان محەمەد

**لەنێو کوردەواریی دا زۆر ژن هەن کەلەڕێگەی تەقلیدییەوە هەڵدەستن بە چارەسەری پزیشکیی، کە یەکێک لەو چارەسەرانە، پرۆسەیەکە کە بە «هەڵدانەوەی قوڕگ» ناسراوە، پزیشکێکیش هۆشداریی دەدات لەپەنا بردنە بەر ئەو شێوازە.**

هەڵدانەوەی قوڕگ، یەکێکە لەو چارەسەرانەی کە ژنان لە رابردو و بگرە تائێستاش ئەنجامی دەدەن، ئەویش بە پەنجەکانی دەستیان گوی هەوکردوی لەوزەتێن لەناو قوڕگ دا دەتەقێنن و کەسەکە لە ئازاری ئەو نەخۆشیە رزگار دەکەن.

سەرباری پێشکەوتنی زانستیی، بەڵام تائێستاش زۆرێک لە هاوڵاتیان بڕوایان بەو چارەسەرە کوردەواریی و تەقلیدیانە هەیە کە لەرابردودا هەبوە.

ئەڤین، ناوی خوازراوی ژنێکی شاری کەلارە و ژنی ماڵەوەیە، سەبارەت بە هەڵدانەوەی قوڕگی لە لایەن دایکیەوە بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من بە منالی ئەمەیان بۆ کردوم سودی زۆریشم لێ بینیوە، کە توشی ئاوسانی قورگ دەبوم دایکم دەیزانی بۆی هەڵدەدامەوە چەندینجار توشی لەرز و تا دەبوم، کە بۆی هەڵدەدامەوە نەدەما».

ئەو ژنانەی کە کاری هەڵدانەوەی قورگیان دەکرد، سەردانکەرانیان تەنها ژنان و کچان نەبون، بەڵکو پیاوان و کورانیش بون.

حسێن محەمەد، ٥٤ساڵ، پیشەی مامۆستایە و دانیشتوی شاری کەلارە، وتی: «لە زۆر کۆنەوە ئەم دیاردەیە هەبوە و ژنان رۆڵی دکتۆریان بینیوە بەتایبەت لە لادێیەکاندا، داپیرەم هەر لە دێر زەمانەوە ئەم کارەی دەکرد، هەرکاتیک یەکێک لە لادێیەکەمان قورگی ئازاری هەبوایە ئەو بۆی هەڵدەدایەوە بە پەنجە».

> لە لادێیەکەمان هەرکێ قورگی ئازاری هەبوایە داپیرەم بۆی هەڵدەدایەوە

ئەو ژنانەی کە کاری هەڵدانەوەی قورگیان کردوە هیچ بڕوانامەیەکی زانستییان نەبوەو هیچ خول و راهێنانێکی پیشەییان نەبینیوە، بەڵکو وەکو بەهرەیەک لە کارەکەیان روانیوە.

فەوزیە عەباس، ٦٠ ساڵ، یەکێکە لەو ژنانەی کە پێشتر کاری «هەڵدانەوەی قوڕگ»ی کردوە. بۆ (نەوژین) وتی: «من کەس فێری هیچی نەکردوم، بەڵکو خۆم فێربوم و چەندینجار چارەسەری ئەو کەسانەم کردوە کە قورگیان ئاوساوە بەبێ ئەوی هیچ دەرمانێک بەکاربهێنن».

ئەو ژنە بەگلەیی بو کە ئێستا خەڵک بڕوای بەو جۆرە چارەسەرەی ئەوان نەماوە، ئەمەش لە کاتێکدایە لە پێشودا تاکە چارەسەر بوە بۆ ئەو کەسانە کە توشی ئازاری قوڕگ دەبون.

بەڵام پزیشکێک وایدەبینێت ئەوەی ئێستا خەڵکی دەیکەن حاڵەتە راستەکەیە نەک ئەوەی رابردو دەیانکرد.

د. ئاسۆ ئەحمەد، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی قورگ و لوت و گوێ، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «هەڵدانەوەی قورگ لە زەمانی زو بە هۆی نەبونی دکتۆری پێویست لەگەڵ بنکەی تەندروستی پێویست و دەرمان و نەبونی وشیاری تەندروستی کراوە، ئەمەش هیچ زانستی نیە».

وتیشی: لەوزەتێن وەک برینێکی ئاسایی نیە، گرێیە کاتێک کە توشی ئیلتهاب دەبێت پێویستە دەرمانی گونجاوی بۆ بەکاربهێنی بۆ ئەوەی نەمێنێت، لەگەڵ ئەوەش لە شوێنێکی هەستیارە ئەگەر ئەو پەنجەیە زیاد بڕوات ئەگەری هەیە توشی گرفتی بکات.

بەڵام (فەوزیە عەباس) باس لەوەدەکات لەو هەمو چارەسەری کردویەتی، هیچ کەس لەژێر دەستی دا توشی کێشە نەبوە.

لەبەرامبەردا ئەو پزیشکە باس لەوەدەکات کە ئەو کارە زۆر مەترسییدارە «من خۆم پسپۆڕی بوارەکەم کەچی بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو نەخۆشیەدا دەکەم، چونکە دەمارێکی سەرەکی لەو ناوچەیەدا هەیە پەیوەندی بە مێشک و چاو و گوێوە هەیە».

ئەو پزیشکە باس لەوەدەکات کە ئەمجۆرە چارەسەرە، رەنگە ئازارێک کەم بکاتەوە، بەڵام کێشە و لێکەوتەی تری دەبێت «زۆرجار کەسی بە تەمەن سەردانی کردوم کە بە هۆی ئەو هەڵدانەوەی لەوزەتێنە توشی گرفتی بۆنی دەم بوە، چونکە ئەو ئیلتهابەی کە دەری ئەکەن جێگەکەی ئەمێنێتەوە کە خواردن دەخورێت، دەچێتە ناوی و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆن بکات».



# هەمو شتێک لە بارەی (غودە)وە

■ نەوژین، ئامینە محەمەد

**غودە، وشەیەکی عەرەبیە بەمانای (گلاند) دێت، دەکەوێتە بەشی پێشەوەی مل لە بەردەم بۆڕی هەوا و شێوەیەکی پەپولەیی هەیە.**




غودە چەند جۆرێک خانەی تایبەتمەندی تێدا هەیە کە بەرپرسن لە دەردانی هۆرمۆنی سایرۆید و ئەو دەردراوانەی ئەم رژێنە دەری دەدەن، ئەم هۆرمۆنانە یارمەتی لەش دەدەن بەشێوەیەکی ئاسایی وزە بەکاربهێنێت، کەم دەردانی ئەم رژێنە بەهۆی ناچالاکی سایرۆیدە رژێنەوە دروست دەبێت و رێژەیەکی کەم دەچێتە خوێنەوە و دەبێتە هۆی باری نائاسایی لەش.

هۆکاری سەرەکی توشبون بە نەخۆشی غودە کەمی ماددەی یۆدە، هەروەها بۆماوەیی یەکێکی ترە لە هۆکارەکان.

هەندێک لە ئەرک و کاریگەرییەکانی غودە لەسەر جەستە لەڕێی ئەو هۆرمۆنانەی کە دروستی دەکات بریتیە لە نەشونمای ئێسک و مێشک و دەمارو ماسولکە، بەشداری دەکات لە سوڕی گۆڕینی خۆراک بۆ وزە لەو رێیەوە پێدانی گەرمی بە لەش و هەروەها دابەزاندنی رێژەی چەوری و کاربۆهیدرات لەخوێندا، بەرزکردنەوەی پەستانی خوێن و لێدانی دڵ، راگرتنی هاوسەنگی رادەی کالیسیۆم و فۆسفات لە نێوان خوێن و ئێسکدا.

ئەو نەخۆشیانەی دوچاری غودە دەبن و توانای کارکردنی سنوردار دەکەن زۆر و هەمەجۆرن، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هەندێک جۆری سەرەکی لەو نەخۆشیانە:

١. غودەی ژاراویی (سام): لەم حاڵەتەدا هۆرمۆنەکە زیاد لە رادەی خۆی دەڕێژێت، زۆربەی جار بەهۆی تێکچونی سیستەمی بەرگری ئەم حاڵەتە دروست دەبێت، هەندێکجاریش بەهۆی گرێ یان شێرپەنجە غودە دروست دەبێت

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە بریتین لە: دابەزینی کێش، خێرایی لێدانی دڵ، عارەق زۆر کردن و بەردەوام هەستکردن بە گەرما، کەمخەوی، دڵەڕاوکێ، تورەبون، کەمبونی خوێنی سوڕی مانگانە لە ئافرەتان.

چارەسەری غودەی سام بەدەرمانی تایبەت دەکرێت، بەڵام پێویستە بۆ ماوەی (١ بۆ ٢) ساڵ چارەسەر وەربگرێت بۆ ئەوەی حاڵەتەکەی سەر هەڵنەداتەوە، بەڵام ئەگەر دوای ٢ ساڵیش لە وەرگرتنی عیلاج هەر باش نەبو، یاخود غودەکەی زۆر گەورە و ناشیرین بو یان توشی تەنگەنەفەسی و نەخۆشی دڵی کرد، ئەوا پێویست بە نەشتەرگەری دەکات بۆ لابردنی غودەکە. هەروەک هەندێک حاڵەتی غودەی سام بەچارەسەری تیشکیی دەکرێن.

٢. غودەی تەمەڵ (سستی غودە): ئەم حاڵەتە کاتێک رو دەدات کە غودە ئیش ناکات و ناچالاکە، زۆر حاڵەت هەیە لە زگماگیەوە وایە یان بەهۆی کەمی ئایۆدین یان بەهۆی تێکچونی بەرگری لەش یاخود دوای نەشتەرگەری لابردنی غودە توشی غودەی تەمەڵ دەبن.

نیشانەکانی نەخۆشی غودەی تەمەڵ بریتین لە: زیادبونی کێشی لەش، خەواڵویی، گۆڕینی دەنگ، خاوبونەوەی هەمو فەرمانەکانی لەش و جوڵە، هەستکردن بە ماندوێتی و بێزاری، نزم بونەوەی پەستانی خوێن و تێکچونی لێدانی دڵ، هەستکردن بە سەرما، هەستکردنی بەردەوام بە خەمۆکی و کەئابە، وشکبونەوەی قژو پێست و ئاوسانی دەموچاو بەتایبەت ژێر چاو، زۆری خوێن بەربونی سوڕی مانگانە.

تاکەچارەسەر بۆ غودەی تەمەڵ حەپی سایرۆکسینە.

هەندێک خواردن هەن باشنین بۆ ئەو کەسانەی غودەی تەمەڵیان هەیە واپێویستە زیادەڕۆیی نەکەن لەخواردنی: تور، قەرنابیت، کەلەرم، برۆکلی، شلک، قۆخ، کافایین، خوێ، گۆشتی سور و خواردنی سورەوەکراو.

لەلایەکی تر ئەو کەسانەی غودەیان ئیش ناکات، واباشە گرنگی زیاتر بدەن بە خواردنی ماسی و خواردنە ئاوییەکان و سەوزە و ماست و هێلکە.

٣. هەوکردنی غودە: ئەمەش حاڵەتێکی تری باوی غودەیە، ئەم هەوکردنە بەهۆی ڤایرۆس و بەکتریا و هەندێک دەرمان و چارەسەری تیشکیی دروست دەبێت.

لە هەوکردنی غودەدا نیشانەکانی وەکو لەرزوتا و ئازاری مل و کەمبونی ئیشتیهای خواردن زۆر دیارن.

چارەسەری هەوکردنی غودە بە دەرمانی ستیرۆید و ئەسپرین و هەندێکجار حەپی رێکخەری لێدانی دڵ دەکرێت.

* غودە لە ژنان

ئەو ئافرەتانەی کێشەی سایرۆیدەکانیان هەیە پێویستە پێش ئەوەی دوگیان بن، بە پزیشکەکان بڵێن بۆ ئەوەی چارەسەری پێویستیان بۆ دابنێت، چونکە کێشە لە سایرۆیدەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی لەبارچونی کۆرپەلە. بەرزی رێژەی سایرۆید دەبێتە هۆی ئەوەی خێراتر رێژەی کالیسیۆم لەناوبچێت و ئەمەش ئێسک لاواز دەکات و ئەگەری شکانی زیاتر دەکات.

# ژنە مامۆستایەکماڵی باوکی دەکاتە گەلەری

■ نەوژین، دلێر عەبدولڕەحمان

**ژنە مامۆستایەک نهۆمی ژێرزەمینی ماڵی باوکی دەکاتە گەلەرییەک بۆ نمایشکردنی کارە هونەرییەکانی و رای دەگەیەنێت پێمخۆشە کاری هونەری هونەمەندانی دیکەش لە گەلەرییەکەمدا نمایش بکەم.**

بەیـان مەجیـد، دەرچـوی پەیمانگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان لـە بەغداد و مامۆسـتای هونـەر، لەبـارەی گەلەرییەکەیـەوە بـە (نەوژیـن) ی راگەیاند: «هەر لـە منالّییەوە خولیای کاری هونەریم هەبوە، لە ساڵی (٢٠٠٢) وە بەکرداری دەستمکرد بەکاری هونەری و یەکەمین پێشـانگای تایبەتم لە هۆڵی سلێمانی کردوەو و لە ساڵی ٢٠١٦ دا کە هەمو چالاکـی و کارێک بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەسـتابو، بیرم لەوەکردەوە کارێک بکەم لەلایەن کەسانیترەوە چاوی لێبکرێـت، بۆیە لەسـەر بودجەی خۆم و بەبێ هاوکاریکردنی هیچ کەسـایەتی و دەزگایـەک هەسـتام بەکردنـەوەی گەلەرییەک لەنهۆمـی ژێرزەمینی ماڵی باوکمدا لە سـلێمانی، ئیتر لەوکاتەوە تا ئێستا کارە هونەرییەکانم لە پێشانگایەکی بەردەوامدان».

وتیشـی: «لەدەستپێکی کارەکەمدا زۆر کەس پێیان دەوتـم لەمکاتەدا کارێکی هەڵە دەکەیت، بەڵام من گوێم بەو قسانە نەدا و بەردەوام بوم لەسـەر خولیاکەی خۆم و توانیم سـەرکەوم بەسەر هەمو گرفتەکاندا و گەلەرییەکە بکەمەوە».

رونیشـیکردەوە: «گەلەرییەکەم لە سێ بەشی سـەرەکی پێکهاتوە، بەشێکیان تایبەتـە بـە نمایشـی تابلـۆ و کارە هونەرییەکانـم، بەشـێکیان تایبەتە بە کلتـوری کوردەواری و بەشێکیشـی بۆ فێرکارییە و وانەی هونەری تێدا دەڵێمەوە بە منالآن و رۆژانەش ڕێژەیەکی زۆر منالّ سەردانم دەکەن».

> **لە گەلەرییەکەمدا گرنگییەکی زۆر بە کلتوری کوردەواری دەدەم**

ئاماژەی بەوەشدا گەلەرییەکە لە ئێستادا لەبەرئـەوەی روبەرەکەی بچوکە و کارە هونەرییەکانی خۆشی زۆرن، تەنها تایبەتە بەخۆی، بەڵام وەک ئاماژەی پێدا ئەگەر بۆی بلوێت و بتوانێت هۆڵێکی گەورەی هەبێت کە بۆ پێشانگا دەستبدات، ئەوا پێیخۆشە کاری هونەریی هونەرمەندانی دیکەشی تێدا نمایش بکات.

م. بەیـان، باس لەوەدەکات «بڕوامولیە هەمو تاکێک لە کۆمەڵگدا دەبێت کاربکات بۆئـەوەی سـودی بـۆ دەوروبەرەکەی هەبێت، لەو نیگایەشـەوە هەوڵێکی زۆر دەدەم بۆئەوەی سـودم بۆ دانیشتوانی گەڕەکەکـە هەبێت و بـەردەوام و بەبێ بەرامبـەر خول بـۆ منالآنـی گەڕەک دەکەمەوە و خواردن و دیاریشیان دەدەمێ و تائێسـتاش چەندجارێک فێستیڤاڵی تایبەتـم بـۆ منالّەکان رێکخسـتوە لە باخچەیەکـی بەرامبـەر گەلەرییەکەمدا بەڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی».

ئەو مامۆسـتا خۆبەخشە ئاشکرایدەکات لەکارەکانـی دا بایەخێکـی زۆر بەبەکارهێنانـەوەی کەرەسـتەی کۆن دەدات، ئەمـەش لەپێنـاو پاراسـتنی ژینگـە و قوتابییەکانیشـی لەسـەر ئـەوە رادەهێنێت کە بایـەخ بەدوبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستە کۆنەکان بدەن لەپێناو زیندوکردنەوەی شتە کۆنەکان و پاکڕاگرتنی ژینگەدا.

جەختی لەوەشکردەوە «لە گەلەرییەکەدا گرنگییەکـی زۆر بە کلتوری کوردەواری دەدەم و بەشێکم بۆئەو مەبەستە تایبەت کردوە و بەشێکی کارەکانیشم تێکەڵەیەکن لەشـتی کۆن و نوێ، زۆر مەبەسـتمە ئەو شوناسـە کوردەوارییە ون نەبێت و منالآن شـانازی پێوە بکەن، ئەوەش لە رێگـەی جلوبەرگەوە بێت یان لە رێگەی کەرەستە و خواردنە کوردەوارییەکانەوە بێت تا کەرەسـتە کۆنەکانی باوباپیرانی خۆیان خۆش بوێت».



# چەند فێڵێکی جوانکاریی کەزۆربەی خانمان لێی بێئاگان

■ نەوژین، سێوە محەمەد

**سروشتی ژنان ئەوەیە کە ئارەزو دەکەن ئەوەی لەبارەی جوانکارییەوە هەیە بیزانن، لە رێگەی ئەم بابەتەوە چەند نهێنییەک لەسەر جوانکاریی و کەلوپەلەکانی جوانکاریت بزانە کە ڕەنگە پێشتر نەتزانیبێت.**



١. جوانی لێوەکان یەکێکە لەو لایەنانەی کە جوانی روخسـارتان پیشان دەدات، شـەوانە لێوەکانتان بە رۆنـی زەیتون تەڕ بکـەن و لەبەیانیدا بیشـۆن، ئەو خانمانەی کە دەوری لێویان چرچولۆچی هەیە دەتوانن بڕێک لەشـانەی هەنگوین تێکەڵ بە رۆنی زەیتون بکەن و شـەوان لـەدەوری لێوەکانی بدەن، پاشـان لە بەیانیدا بیشۆن.

٢. ئەسـتوربونی چاوەکان و رەشـی ژێر چاوەکان یەکێکە لە کێشـە باوەکان لەنـاو خانمانـدا، خەیار یـان پەتاتە بەچارەسـەرێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ ئەم کێشـەیە، رۆژانە یەک پارچە خەیار یان پەتاتە بۆ ماوەی ١٥خولەک لەسەر چاوەکان دابنێن، پاشان بەئاو بیشۆن.

٣. ئەگەر لەسەر روخسارت زیپکە دروست بـوە و ناتەوێت لەوە زیاتر گەورەبێت و بڵاوبێتەوە، ئاوی سارد و گەرم باشترین چارەسەرە. بۆ ئەم مەبەستە دو پارچە لۆکە بێنە، پارچەیەکی بخەرە ناو ئاوی گەرمـەوە (ئـاوی داخ) دواتـر بۆماوە ١٠چرکە لەسەر زیپکەکە بیهێڵەوە، دواتر پارچە لۆکەکەی تر بخەرە ئاوی ساردەوە و هەمان کار دوبارە بکەوە، ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بڵاو بونەوەی زیپکە و روخسـار خاوێن و درەوشاوە پیشان دەدات.

> ئاوی گەرم زیانی زۆر بە پرچ دەگەیەنێت

٤. ئەگەر بێڕەنگیی روخسـارت ئازارت دەدات و دەتەوێـت سـەر رومەتەکانت بەبێ ئارایشت سـور و کاڵ دەرکەوێت، تەنهـا پێویسـتە چەنـد چرکەیـەک بەدەسـتی خۆت بیگوشی یان بەئارامی بەپەنجەکانت مەسـاجی بۆبکە، ئەمەش وادەکات بـێ ئارایشـت رومەتەکانـت پەمەیی و جوان دەرکەوێت.

٥. بـۆ نەهێشـتنی رەنگی سـپی تاڵە پرچەکان بڕێک گەڵای کاری تێکەڵ بکە بە ئاوی گوێزی هیندی پێش خۆشـتن بۆماوەی چەند خولەکێک لەو پێکهاتەیە بخەرە سـەر رەگی موەکان، بەمشێوەیە کەمتر پێویسـتان بە پـرچ بۆیەکردن دەبێت.

٦. ئەگـەر دەتەوێت پێسـتت برۆنزی بکەیت، ئەوە تەنهـا پارچەکەیەک لیمۆ بـدە لە تەواوی جەسـتەت و دواتر ئەو کرێمەی لێیدە کـە دەتەوێت بەهۆیەوە جەسـتەت برۆنزی بێت، ئەمە وادەکات رەنگی پێستت جوانتر بێت.

٧. ئەگـەر دەتەوێـت پرچێکی جوان و بریقەدارت هەبێت، لەئاوی گەرم بەدوربە ئاوی گەرم زیانی زۆر بەپرچ دەگەیەنێت، هەوڵبدە لەکاتی خۆشۆردن لەبری ئاوی گەرم ئاوی شلەتێن بەکاربینیت، لەکۆتایدا پرچت لە ئاوێکی سـارد هەڵکێشە ئەمە وادەکات پرچت درەخشـان و بریقەدار بکەوێتە پێش چاو.

٨. بـۆ لابردنی شـەقبونی پێییەکان، بڕێک میـوەی مۆز بـە توێکڵەکەیەوە جوان بهارە و دواتر بیخەرە سەر پاژنەی پێیەکان و بۆ ماوەی ١٥خولەک بەجێی بهێڵە، ئینجا بەئاوی شلەتێن بیشۆ.

٩. بـۆ ئەوەی بۆنـی عەترەکەت زۆرتر بمێنەوە، پێش بەکارهێنانی بۆن ئەتوانی بە ڤازلین یان هەر کرێمێک پێستت چەور بکەیت، ئـەم کردارە مـاوەی مانەوەی بۆنەکە زیاد ئەکات.

## دەربارەی نەوژین

نەوژیـن، رۆژنامەیەکـی سـەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایـەن رادیـۆی دەنگ لـە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

یەکـەم ژمارەی لـە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنـگ، پرۆژەیەکـی میدیایی سـەربەخۆیە لە ناوچـەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بـە پەخشـی رادیۆیەکـی لۆکاڵـی دەسـتی پێکردوەو پاشـان وێبسایتێکی داناوە.

رۆژنامـەی (نەوژیـن) یەکێکـە لـە چالاکیەکانـی پرۆژەی رادیـۆی دەنگ بە پاڵپشـتی سـندوقی نیشـتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیـۆی دەنگەوە بـۆ ئەنجامـدراوەو زۆرینەیان پێشـتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# کچانی گەرمیان دەبنە یاریزانی شەترەنج

■ نەوژین، نازەنین گۆران

**ئەگەرچی پۆلی ١٢ی ئامادەییە و واباوە کە کچان لەم قۆناغەدا بەتەنیا گرنگیی بە خوێندن بدەن، بەڵام (ئەژین) ڕۆژانە بەمەبەستی ڕاهێنانکردن لەسەر یاری شەترەنج، سەردانی سەنتەری گەنجانی کەلار دەکات، ئەو و چەند کچێکی دیکە، تیمێکی یاریزانانی کچیان لە سەنتەرەکەدا دروست کردوە.**



لەنێو سەنتەری گەنجانی کەلار دا، لەپاڵ چالاکیە جۆراوجۆرە وەرزشی و کەلتوری و هونەریی و زانستیی و فێرکاریەکاندا، لە بەشی وەرزش چاوت دەچێتە سەر کۆمەڵێک کچ کە دو دو لەسەر یەک مێز بەرامبەر یەکتری دانیشتون و یاری شەترەنج دەکەن. ئەو کچانە بە دڵگەرمییەوە باس لە خولیای خۆیان بۆ ئەم یارییە دەکەن.
ئەژین بورهان، ١٨ساڵ، یەکێکە لە یاریکەرانی شەترەنج لە سەنتەرەکە، باس لەوە دەکات کە سەرەڕای خوێندنەکەی، شەترەنج یەکێکە لە خولیا سەرەکیەکانی.
وتی: «یەکێک لەو حەزانە فێربونی یاری شەترەنج بوە، بۆیە بەبێ هیچ ڕێگریەک هاتوم و بەشداری ئەم خولەم کردەوە و تا رادەیەکی باشیش فێربوم»
حەزی فێربونی یاری شەترەنج لای کچانی گەرمیان هێندە زۆر بوە کە خۆیان داوای کردنەوەی خولێکی لەو شێوەیە دەکەن.
شاجوان نەبەز، ١٧ ساڵ، دەڵێت: «داوامان لە مامۆستاکەمان کردەوە کە خولێکی فێربونی شەترەنجمان بۆ بکاتەوە، ئەوەبو ئەم خولە کرایەوە و توانیم بەشداربم».
شەترەنج، یارییەکی کۆنە، پتر لە جەستە پشت بە بیر دەبەستێت، هەربۆیە زۆرجار وەکو وەرزشێکی هزریی ناودێر دەکرێت، بۆ ئەنجامدانی یاریەکەش مرۆڤ پێویستیی بە جلوبەرگی وەرزشیی و ئامادەکاریی دیکە نابێت کە لە یارییە جەستەییەکاندا بونیان مەرج و پێویستییە.
هەر ئەم تایبەتمەندیەش وایکردوە کە مامۆستای وەرزشی سەنتەرەکە پێیوابێت ئەم وەرزشە بۆ کچان لە گەرمیان، تاڕادەیەک ئاسانتر بێت.
سەروەت فایەق، مامۆستای بەشی وەرزشی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: ئامانجی من لە کردنەوەی ئەم خول و ڕاهێنانە ئەوە بوە کچانیش بهێنمە ناو یاریە وەرزشیەکان، بۆیە سەرەتا بە یاری شەترەنج دەستم پێکرد.
ئاماژە بەوەش دەکات کە بەشداری کردنی کچان لەم خول و ڕاهێنانە زۆر باش بوە، دەشڵێت: «کچان حەزیان بە فێربونی شەترەنج هەیە».

دەمانەوێت
کچانیش بهێنینە
ناو یاریە
وەرزشیەکان

ئەم خاڵە، چەند کچێک کە لە هۆڵی وەرزشیی سەنتەرەکەدا چاومان پێیان کەوت، جەختیان لێکردەوە.
مئاب حەسەن، ١٧ ساڵ، وتی: «زۆر حەزم بە یاری شەترەنج بوە، ئەم حەزەش پاڵنەرێکی گەورەم بوە کە وای لێکردوم بەشداری ئەم خولە بکەم».
کچێکی تر پێیوایە کە ئەم یارییە بە کۆمەڵێک هاوڕێی نوێی ئاشنا کردوە.
مەیادە محەمەد، ١٨ ساڵ، وتی: «جیا لەوەی فێری یاری شەترەنج بوم، هاوڕێیەتیەکی جوانیش لەنێوان ئێمەدا دروست بوە».
بەڵام وادیارە ئامانجی سەنتەرەکە دورتر و گەورەترە لە کردنەوەی تەنها خولێک.
نەبەز حەمید، بەڕێوبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، لەوبارەوە وتی: «تائیستا گەرمیان نەیتوانیوە بە یاریزانی کچ بەشداری خول و پاڵەوانێتیەکان بکات، بۆیە بە گرنگمان زانی یاریزانی کچ لەو بوارەدا پێ بگەیەنین».

---

# دو خوشک کەلار ڕەنگ دەکەن

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

**(هاوژین) و (زریان)، جوتە خوشکێکن لە ڕێگەی ڕەنگەوە دەیانەوێت جوانی بە شار ببەخشن و کارەکەشیان بە ڕێچکەشێنی ناودەبەن.**



ئەوان کە بەکاری بۆیەکردنەوە سەرقاڵن، توانیویانە ئەو کارە لە پیشەیەکی پیاوانەوە بکەن بە ژنانە و بە کارەکانیان بەشێک لە باخچە و دیوارەکانی کەلار ڕەنگاوڕەنگ بکەن.
هاوژین خەلیل، بە گەشبینیەکی زۆرەوە بۆ (نەوژین) دەدوا و باسی لە کارەکانیان دەکرد و وتی: «حەزو خولیام بۆ کاری بۆیەکردن و وێنەکێشان زۆر بو، بۆیە لەگەڵ خوشکەکەم بڕیارماندا دەست بەم کارە بکەین».
ئەو کە ٢٥ بەهاری تەمەنی تێپەڕاندوە، هاوسەرگیریی کردوە و خاوەنی دو منداڵە، لەگەڵ ژیانی هاوسەرێتی و دایکایەتیدا توانیویەتی پەرە بەو بوارانە بدات کە هەم حەز و خولیای لێیان بوە و هەم شارەزایی تیایاندا هەبوە.
ئەوان وەکو کارێکی خۆبەخشیی، هەستاون بە بۆیەکردنی باخچە و قوتابخانەکان و کێشانی وێنە و تابلۆی جیاواز لەسەر دیواری ئەو ناوەندانە.
لەبارەی چۆنیەتی کارکردن و سەرکەوتنی، (هاوژین) بۆ (نەوژین) دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە پیاوان ئیشوکاری دەرەوەیان کردوە و ئافرەتیش تەنیا ئیشی ماڵ و بەخێوکردنی منال بوە، بەڵام لەئێستادا خۆشبەختانە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بەتایبەت هۆشیاری خێزانەکان وایکردوە ئافرەتانیش شانبەشانی پیاوان لەدەرەوە کاربکەن».
باسی لەوەشکرد: یەکێکم لەو ئافرەتانەو توانیومە بگەم بەو ئارەزوانەی کە هەمبوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بۆ هاوسەرەکەم و خێزانەکەم دەگەڕێتەوە کەهەمیشە پاڵپشتم بونە.
لە ماوەکانی دوایدا و بە هۆی کرانەوەی کۆمەڵگاوە، هاتنە پێشەوەی کچان و ژنان بە رادەیەکی بەرچاو زیادی کردوە و لەپاڵ کارەکانی دیکەیاندا بەهرەکانیشیان نمایش دەکەن.
زریان، هاوشانی (هاوژین)ی خوشکی، خولیای وێنەکێشانی هەیە و پێکەوە دەستیان داوەتە پەرەدان بە بەهرەکانیان و وەکخۆیان دەڵێن: تا ئێستا سەرکەوتو بونە.
زریان خەلیل، (٢٣) ساڵ، دەرچوی بەشی فیزیایە، جیاواز لە پسپۆڕیەکەی خۆی، سەرقاڵی کاری وێنەکێشانە کە خولیایەکی لەمێژینەی خۆیەتی.
زریان، بە (نەوژین)ی وت: کچان پێویستە گوێ بە قسەی کۆمەڵگا نەدەن و خولیا و تواناکانیان پەرە پێ بدەن.
وتیشی: «وەکو حەزیک هەر لەمنالیەوە خولیای وێنەکێشانم هەیە، بەتایبەت ئەو وێنانەی کە منالان ئارەزوی دەکەن، داوا لە هەمو کچان دەکەم بە بێ گوێدانە قسەی کۆمەڵگا، ئەوانیش بێنە پاڵ ئێمە و تواناکانی خۆیان پیشانبدەن و خولیا و حەزو ئارەزوەکانیان پێشبخەن».
وتیشی: «هەمو شتیک ئاسانە ئەگەر حەز و خولیات هەبێت بۆ کارێک، بۆیە ئیمەش بڕیارمان دا دیزاین و بۆیە کردن بکەینە یەکێکی تر لە پیشەکانمان».
(زریان) ئاماژە بەوەدەکات ئەم کارە تەنها بۆ پیشاندانی بەهرەکانیەتی نەک دەستکەوتی دارایی «ئامانجی سەرەکی ئێمە لەم پیشەیە ئەوەیە توانا و بەهرەکانمان دەرخەین و خزمەتێک بکەین، ئەگینا لە روی داراییەوە داهاتێکی ئەوتۆی نیە کە بتوانی ئەم پیشەیە بکەیت بە سەرچاوەی داهاتی ژیانت».
(هاوژین) و (زریان) باس لەوە دەکەن کە لەگەڵ کارەکەیان ئاسودەن و بەدەمەوە هاتنی خەڵکیش بۆ کارەکەیان هێندەی دیکە هێز و توانای بەردەوامیی پێبەخشیون.
دەشڵێن: ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە و دەتوانێت شانبەشانی پیاوان خزمەت بکات، پێویست ناکات بە توانجی ناشرین ببنە بەربەست لە پێش سەرکەوتنی کەسانی دیکە.

پێویستە کچان
گوێ بە قسەی
کۆمەڵگا نەدەن

ئامانجمان ئەوەیە
بەهرەکانمان
دەرخەین و
خزمەتێک بکەین